# ئـاد

## شانۆگەرییەک لە چوار تابلۆدا

## نووسەر: ئاسۆل فۆگارد

**وەرگێڕ : خالید خاکی**

کەسایەتیەکان :
جان John
وینستۆن Winston
( دوو زیندانی)

ئەم شانۆگەرییە بۆ هەوەڵ جار لە دووەمی ژولای ( کەوبەداری) ساڵی 1973 بە دەورگێڕانیجانکانی John Kani ووینستۆن ئێن تشۆنا Winston Ntshona ودەرهێنانی ئاسۆل فۆگاردەوە پێشکەش کرا.

**تابلۆی هەوەڵ**

**سەکۆیەک لە ناوەراستی شانۆ،نوێنەگەری ژوورێکی زیندان لە جزیرەی رۆبێن Robben دایە.هەندێ بەتانی و راخەری پێویستی زیندانیەکان رێک و پێک لەسەر یەک هەڵچنراوە. دولچە ئاوێک و پەرداخێکی تەنەکە لە سوچێکدایە. فیتویەکی درێژخایەن وەک فیتوی گەمی یاخۆ فیتوی کارخانەکان.**

**بە پژاننی تیشک دەوری سەکۆکە روون ئەبێتەوە. چۆنیەتی پژاننی تیشک بە لەونێکە کە ئەڵێی خەنەکێک بە دەور سەکۆکەدا هەڵکەندراوە.**

**دوو زیندانی، جان لە لای راستی شانۆ و وینستۆن لە لای چەپەوە لە خەنەکی بە نوور خوڵقێنراودا بە شێوەی پانتۆمیم عەرز هەڵئەکەنن و زیخەکەی ئەگوێزنەوە. جل و بەرگی تایبەتی زیندانیەکان( کراسێکی خۆڵەمێشی و شەرواڵێکی کورت) یان لە بەردایە و سەریان تاشراوە. چۆنیەتیان و ئیشێ کە سەریان پێوەی قاڵە، نوێنەری بۆشیەتی بێگارە. هەر کام بە نۆرە فەرخونی خەیاڵیی پڕ زیخ ئەکەن و بە هەوڵ و تەقەلای ئێجگار ئەیبەن بۆ شوێنێ کە ئەوی‌تریان عەرز هەڵئەکەنێ و لەوێ رۆی ئەکەن. و روونە کە تا کۆتایی دنیا نە زیخ کەم ئەبێتەوە و نە بێگار کۆتایی پێ‌دێ.**

**دەنگی‌هەناسەبڕکێیان‌وجیڕەجێڕەی فەرخون و بۆڵەبۆڵی‌هۆدۆشەHodoshe ی چاودێریان – بە واتەی خۆیان کێچی نەوسن- دەگاتە گوێ.**

**دەنگی فیتوو- دەست لە ئیش هەڵدەگرن و شان بە شان رائەوەستن. دەست و پێی تەنیشت یەکیان بە کەلەپچە و زنجیر پێکەوە دەبەسترێ، دەست ئەکەن بە را کردن.**

**جان ورتەی دۆعا کردنی دێ و وینستۆن ریتمی راکردنەکەیان کە سێ پێیە بە فیکە رادەگرێ. ناتووانن تیژ هەڵێن و دیارەکە بەر زەبر و زەنگ ئەکەون. مستێکی قورس ئەدرێ بە چاوی وینستۆنا و شەقێکیش لە لاقی جان ئەدرێ کە ئەبێتە هۆی پا لێک ئاڵان و ئازاریان. بەم شێوە، ئەنجام ئەگەنە بەر ژووری زیندان، گیانیان ئەپشکنن. دەست و پایان ئەکەنەوە و فڕێیان ئەدەنە ناو ژوورەکە و درگایان لەسەر دائەخەن. هەردووکیان پرش و بڵاو بوونەتەوە. ماوەیەک هەناسەیان سوارە و بێدەنگ و بێ هێز وچان ئەگرن.**

**پاشان لەسەرخۆ و بە ئازارەوە سەرنجی برینەکانیان ئەدەن. وینستۆن چاوی و جان لاقی. وینستۆن ئەناڵێنێ و ئەوەن درێژەی پێ‌ئەدات کە جان واز لە برینەکەی خۆی ئەهێنێ و بە زگەخشێ بۆ لای وینستۆن ئەچێ و لە برینەکەی ورد ئەبێتەوە. ناڵەی وینستۆن وردە وردە ئەبێ بە رق و بوغز، جان گمیز ئەکاتە مشتی و ئەیەوێ چاوی وینستۆنی پێ‌بشواتەوە. لەم کاتەدا رقی پۆنگ خواردووی وینستۆن ئەتۆقێ و بە توندی لە جان دوور ئەکەوێتەوە و بە زگەخشکێ لە دوی درگای ژوورەکە ئەگەڕێ. جان هەوڵ ئەدات ئەهوەنی کاتەوە. چون هاوارو بانگ ئەبێتە هۆی گەڕاننەوەی هۆدۆشە و ئەزیەت و ئازاری زیاتری ئەمان. ئەنجام وینستۆن درگا ئەبینێتەوە بەڵام پێش‌ئەوەی فریا کەوێ لە درگا بدات، جان رایئەکێشێتە دواوە.**

**وینستۆن: ( زۆر توڕە ئەنەڕێنێ)** هۆدۆشە!

**جان:** چ دەکەی وینستۆن؟ ئاگات لە خۆتە؟!

**وینستۆن:** کارم پێیەتی. ئەبێ ببینم هەر ئێستا ئەبێ رایکێشمە دایرەی‌بەرپرسیاری زیندان. ئەبێ بفامێ من چم بۆ بڕاوەتەوە. لە سەر منیان داسەپاندووە کە تا ماوم لە زیندانا بم. بریار وانەبووە کە بە ئەشکەنجە بکوژرێم.

**جان:** واز بێنە پیاو! کەمی هەڕا بڕین؟!

**وینستۆن:** بێجای کرد. من ئەبێ...

**جان:** کردی و ئەولاتریش. لە کۆڵمان بەرۆ.

**(وینستۆن‌ناکاوهێدی‌ئەبێتەوە. جان وائەزانێ قسەکانی چووە بە گوێی وینستۆنا. بەڵام ئێجگار زوو تێ‌ئەگات کە وینستۆن دەس بە گوێی خوێناوی ئەما ئەهێنێ. ترسێکی ناکاو**

**بەرۆکی جان ئەگرێت. دەست بە گوێی خۆیا ئەهێنێ. قامکەکانی خوێناوی ئەبێ. پێکدا دەڕوانن)**
**وینستۆن:** برای هاو وڵاتم( **بارئەگۆڕدرێ، ئێستا وینستۆن خەریکی گوێی جانە. عارەقو خوێنی چاوی‌خۆ ئەسڕێ،تاوەکو باشتر ببینێ،جان بێ تاقەتە ووینستۆن ئەیەوێ ئەهوەنی کاتەوە)**
**وینستۆن: ( پاش پشکنینی برینەکە)** وایش نییە( **بە گۆشەی کراسەکەی خوێنەکە ئەسڕێ)**
**جان: ( ددانە چیرە ئەکات)** ئەو خوێرییە ئەمڕۆ باش دەسی بە سەر و گوێلاکمانا هێنا. **( بە بزەوە)** راپۆرتی هەواڵەکانو رەچاو کردنی چۆنیەتی هەوا. دەسەڵاتداری رەشەکان لە لایەن حکوومەتی سپی‌پێستەکانەوە درا بە فڵچیا. هێزی رەشەکان قۆندرەکانی ون کردووە. لاقی بریندارە و ئەشەلێ. دەسەڵاتداری رەشەکان سبەینێ پێخاوس بەرەو ئوردوی ئیشی بێگاری هەڵدێ. چۆنیەتی هەوا لە هەرێمدا وەک خۆی دەمێنێ. شڵێوە و چەخماخە و رەنگە رێژنەی خەست و خۆڵیش بەردەوامە. هەوای لایەنەکانی‌تر گەرم و خۆش رەچاو دەکرێ( **وینستۆن خوێنەکەی‌سڕیوەولەپاڵ جان‌دا رائەکشێ و چاو و لوت و گوێی زیخاوی خۆ پاک ئەکاتەوە)**
**وینستۆن:** زیخ! زیخی زەریا کۆنەکە. کاتێ لاو بووم بە زیخەکان یاریم ئەکرد. لە قەراغی گۆلی سێنت ژۆرژ، هەوەڵ رۆژی ساڵی نوێ. بە زیخ ماڵمان دروست ئەکرد.
**جان:** جا ووتوو! ئێمەیش ئەچووین بۆ ئەوێ. دوا... **( پشوویێک، بزە ئەگرێ و سەری ئەخورێنێ)** دوا کریسمەس پێش ئەوەی بمگرن لەوێ بووین. گشتمان چووبووین. شیرینەکەم، مۆندMonde کچە چکۆلەکەم لە ناو زیخا یاری ئەکرد. بۆ جێژنانە دۆڵچە و بێڵێکی بچووکمان بۆ کڕی بوو...
**وینستۆن:** دەی...
**جان:** ئەمڕۆیش نۆرەی باووکی بوو( **بە حەسرەتەوە سەر ئەلەقێنێ)** وینستۆن ئەزانی ئەم خۆڕاگرییە لە مێژوودا ئەنووسرێت؟! خۆڕاگرییم بێ‌وێنە بوو. من پیاوم کاکی خۆم پیاو. هەر چەن هەگە هۆدۆشە تەنا پێنج دەقێقە درەنگتر دەسی پێ‌هەڵگرتایەتین لە ژێر بێگارا ئەزام و ئیمشەو لەم جزیرەدا ئەبووینە خاوەنی کۆرپەیەک... لەوانە بوو دەس کەمە گریان.
**وینستۆن:** منیش...
**جان:** وا دیار بوو تا یەکێ لە ئێمە نەکوژێ دەس‌هەڵگر نابێ.
**وینستۆن:** ئەو نیازەیشی بوو.
**جان:** ئەم بەیانیە کاتێ گوتی: هەر دووکتان لە قەراغە ئیش ئەکەن. ووتم باشە. ئەمڕۆ نۆرەی منە ئاوی زەریا بهێنم و بیکەمە خەنەکەکە. ئەو زۆر کەیفی لەم کارەیە. بەڵام کاتێ ئاماژەی بە فەرخونەکان کرد زانیم مەبەستی چییە( **سەری ئەخورێنێ)** هەوەڵ پێکەنیم. پاشان بەرم بە پێکەنینی خۆ گرت و لە دواییشدا رقم لە تۆ هەستا. تەواو کاس و وڕ ببووی و وەک گەوج تماشات ئەکردم.
**وینستۆن:** هۆدۆشەیش ئەمەی ئەویست. ئەیویست ئێمە رقمان لەیەک بێت.
**جان:** ئەوسا ئەم رقە درێژەی ئەخایاند. تۆ رقت لە من ئەبوو و منیش لە تۆ... تۆ منت بە تاوانبار ئەزانی و منیش تۆ. تووتکەسەگە، زۆریش گەوج نییە.
**وینستۆن:** رەنگە هەگە خوا بوایەت لە دەسی بهاتایێ.
**جان:** چی؟
**وینستۆن:** ئەوەی کە ئێمە لەگەڵ یەک بکاتە دوژمن. بەڵام ئەو ئینسانە و ئینسانەکانیش ئەنجام مانوو ئەبن. ئێژم... پێت چۆنە؟! ئێمە هێشتا ماوین چون هۆدۆشە مانوو بوو.
**جان:** ئەی سبەینێ؟
**وینستۆن:** کێ چووزانێ؟!
**جان:** هەگە جارێ‌تر دەنگی ئەو فەرخونانە ببیسم، تەنانەت هەگە ئاوی حەیاتی پێ‌بێنی...
**وینستۆن: ( لەسەر خۆ و بێ داکۆکی)** کێ چووزانێ( **بێدەنگی)**

**جان:** **( ئەڕوانێرە وینستۆن... وێدەچێ وینستۆن لە جان تێنەگەیشتبێ. جان لەسەر وتەی خۆ بە لەونێکی تایبەت پێدادەگرێ)** من زۆر رقم لە تۆیە.

**وینستۆن:** **( مەبەستی جان تێدەگات)** تێگەیشتم... منیش ئێجگار رقم لە تۆیە.

**جان:** **( دەست ئەنێتە سەرشانی وینستۆن. برایەتیان وەک جاری جاران بەردەوامە، جان بە نەرمی رادەوەستێ)** لفکەکە لە کوێیە؟

**وینستۆن:** هەر لەم ناوەدایە. بگەڕە بیدۆزەرۆ.

**جان:** تۆ خۆت پێشۆرد**( بە شەلە شەل لە دوی لفکە ئەگەڕێ)**

**وینستۆن:** خۆ من ژنی تۆ نیم. بگەڕە خۆت وەیدۆزە.

**جان:** **( کوتە پارچەیەک کە لفکەی ناوە لای دۆلچەکەیە و جان ئەیبینێتەوە)** ئەوەتا... ئەشا لە کوێ دایە. هەگە هۆدۆشە بێت و ئەمە لێرەدا ببینێ هاواری ئەگاتە ئاسمان و ئەنەڕێنێ: ئەمە لفکەی کێیە.ئەوسا ئەڵێی چی؟

**وینستۆن:** ئەڵێم: لفکەی ئەوە قوربان.

**جان:** چیت ووت؟ **( بیری ئەکەوێتەوە کە ئەبێ رقیان لە یەکتربێت)** ئێ... راست ئەکەی... هی منە قوربان**( بو وینستۆن)** کاتێ خۆت ئەشۆی بە لفکەی خۆت خۆ پشۆ.

**وینستۆن:** باشە... لفکەی هەر دووکمانە قوربان!

**جان:** هەگە وا بڵێی. قوڕ ئەکەی بە سەر هەر دووکمانا.**( کراسەکەی دائەکەنێ کە خۆی پشوات. وینستۆن قنگە سیگارێک و شەمچەیەک کە لە پشت دۆلچەی ئاوەکە دایشاردوون هەڵئەگرێ و قنگە سیگارەکە دائەگرسێنێ)** تێیان ریام. چ رۆژێکی درێژە. وینستۆن! ئەزانی هەگە کاتژمێری ئەو چەتاوڵەی کە فتیوی پشوو لێئەدات لە دواوە بووایەت ئێستایش لەوێ بووین؟ **( سێ چوار بزماری ژەنگاوی لە گیرفانی نهێنی شەڕوالەکەی دەر ئەهێنێ و تماشای وینستۆنی ئەدات)** بڕوانە!

**وینستۆن:** چییە؟

**جان:** ملوانکە... بۆ لای بزمارەکانیتە...

**وینستۆن:** ملوانکە؟!

**جان:** ملوانکەی ئانتیگۆن.

**وینستۆن:** واز بێنە پیاو... ئاهە **...( بزمارەکان بە رقەوە ئەدا بەعەرزا و مژ لە جگەرەکەی ئەدات)** نەعلەت لە تۆیش و  ئانتیگۆنیش.

**جان:** وڕینە مەکە. دیسان بەزمەکەیە. تۆ خۆت بڕیارت دا **( بە شەلە شەل ئەچێ بۆ لای بەتانیەکەی وینستۆن و ملوانکەیەکی ناتەواوی بە بزمار دروست کراو هەڵدەگرێ)** زۆری نەماوە تەواو بێ. بڕوانە سێ قامک و بزمارێ. هەر سێ قامک و بزمارێ**( ملوانکەکە لای وینستۆنەوە دائەنێ. وینستۆن سەر بائەدات. ئەبۆڵێنێ و بەرقەوە مژ لە جگەرەکەی ئەدات)** ئیتر قسەی قوڕ مەکە. تا حەفلەکە شەش رۆژمان ماوە. ئێمەیش هەڵبژێریاوین. بڕیارمان داوە بۆ هەڤاڵە زیندانیەکانمان شانۆگەرییێک پێشکەش کەین. ئانتیگۆن پێویستییێکی زۆری ناوێ. دەرەقەتی دین. شەش رۆژ ماوەمان هەیە و ئەتوانین باش پەرداختی بکەین**( خۆی ئەشوات)**

**وینستۆن:** ئەی خوا هاوار. جان! ئیمڕۆ ئێمەیان بردبوو بۆ بێگاری. هۆدۆشە راویناین و تێری تێهەڵداین تۆ بی و خوا واز لە مرۆڤێکی شەق و شڕی وەک من...

**جان:** نەحلەتی! پێت وایە کێیە لەگەڵتا هەڵدێ؟ منیش ماندووم. بەڵام بڕیارمان داوە ... زووبە... هەر سێ قامکو...

**وینستۆن:** بزمارێ! **( سەر بائەدات)** حەی...حەی...حەی...

**جان:** چییە؟ دیسانیش ناز و نوزە؟ **( دەست لە خۆشتن رادەگرێ)** گوێگرە... بەندی چل و دوو خەریکی راهێنانی سەمای شەڕی زولۆن Zulu هەندێتر خەریکی ئامادە کردنی ئاوازێکن. تەنیا لێرەیە کە هەمیشە شەڕ و قڕە و ناز و نوزە. ئیمڕۆ مل ئەدەی و سبەی پاشگەز ئەبیتەوە. بەیانیی کە چووین بۆ بێگار و هەڤاڵەکانیترمان دی چییان پێ بڵێین؟ **( وینستۆن رانایەت.**

**لاساریپەکەی کار ئەکاتە سەر جان. ئەنجام لفکەکەی بەرەو وینستون فڕێ ئەدات)** ها بیگرە خۆت شۆرە. **( خۆی خەریکی دروست کردنی گەردنبەن ئەبێ. وینستۆن لە ژێر لچەوە وردە بۆڵەی دێ و دەس ئەکا بە خۆ شۆردن)** ئەڵێن چاکی مەکە با خراپ نەبێ. ئەمە ئەمەیە. کار چۆن وا ئەبێ.ئێمە هێشتا نە قسەکان ئەزانین و نە هات و چۆکان. بە بڕوام شانۆگەرییەکی رێک و پێک دەرئەچێ. **( وینستۆن هەر وردە بۆڵەیەتی. جان ملوانکەکە هەڵدێنێ)** بڕوانە... زۆری نەماوە تەواو بێ. هەر سێ قامکو...

**وینستۆن:** بزماری.

**جان:** دیتت؟ زۆر ئاسانە... ئەو شتانەی کە دوێنێ ووتم لە بیرتە؟ مەرج ئەکەم هیچت لە بیر نەماوە. دیسان ئەبێ سەر لە نوێ دەسپێکەینەوە. ئانتیگۆن کێیە؟... کرێئۆن کێیە؟...

**وینستۆن:** ئانتیگۆن دایکی پولی‌نیس...

**جان:** هەی قسەی قوڕ...**( بە راستی تورە ئەبێ)** وینستۆن! چەن جار پێت بڵێم؟ ئانتیگۆن خوشکی ئەو دوو برایە، نە دایکیان . ئەوەی تۆ ئەڵێی شانۆگەریەکی‌ترە.

**وینستۆن:** باشە ... باشە ... ببورە.

**جان:** هەر ئەمە ئەزانی... باشە ... باشە چی باشە؟**!( ملوانکەکەلا ئەبات)** وەرە، ئەمە دوا رایە... خوام بە خوا...

**وینستۆن:** جان...

**جان:** وەرە... بۆ دوا را چیرۆکەکەیت بۆ ئەگێرمەوە... هەگە ئەمشەو لە بەری نەکەی، سبەینێ بە دایرەی بەرپرسیاری زیندان رائەگەیەنم. خۆت باش ئەزانی کە بەرپرسیاری زیندان کێیە، هۆدۆشە بە لایەوە جووجەڵەیە.

**وینستۆن:**هەی خوا بە زیایی نەکا. بە رۆژا عەرز هەڵکەندن و هەڵاتن، بە شەویشا شانۆگەری و ئانتیگۆن و ...

جان: بێدەنگ بە و دانیشە**( بە زۆر لای خۆیەوە دایەنیشێنێ. وینستۆن کاتێ جان قسەی بۆ ئەکات هەر بەو پارچە تەڕەی کە لفکەی ناوە خۆی وشک ئەکاتەوە)** ئەونەی کە لاژەت دێ ئەونە خەریکی شانۆگەرییەکە بوایەتی دەمێ بوو لەبەرت کردبوو.

**وینستۆن:** باشە... بێژە بزانم.

**جان:** گوێگرە، ئێستا تابلۆی لێپرسینەوەی ئانتیگۆنە، وایە؟

**وینستۆن:** با وابێ.

**جان:** هەوەڵ، تاوانبار. کێ تاوانبارە؟

**وینستۆن:** ئانتیگۆن.

**جان:** ئاسمان کۆڵەکەی ئەوێ**( لە بەردەمیا لەسەر عەرزکە ئەنووسێ)** دەسەڵاتدار کێیە؟

**وینستۆن:** کرێئۆن.

**جان:** بژیت. کرێئۆن ، کرێئۆن شا دەسەڵاتدارە... ئێستا تاوانی ئانتیگۆن چییە؟

**وینستۆن:** ئێتێئۆکلێسی برای ناشتووە.

**جان:** نا. نا. نۆکە حۆلکە! نا. کەی فێر ئەبی؟ چەن جار بڵێم؟ ئانتیگۆن پولی نیسیسی ناشتووە. برا یاخیەکەی. پێم ووتی خۆ، ئەو برایەی کە وەک ئێمە یاخی ببوو... باشە؟

**وینستۆن:** تێگەیشتم.

**جان:** کە واتە تابلۆی هەوەڵ، لێپرسینەوە**( لەسەر عەرزەکە ئەنووسێت)** دەزگای دەسەڵاتداری مۆری چەن تاوانێ ئەنێ بە ناو چاوی ئانتیگۆندا. پێریستێ لە تاوانەکان. ئاگاداری فڕ و فێڵی دام و دەزگای دەسەڵاتداری خۆ هەی؟! تابلۆی دووهەم داکۆکی یا ملدانی ئانتیگۆنە... وایە؟

**وینستۆن:** وایە.

**جان:** زۆر چاکە. ووتمان ئانتیگۆن ملئەدا و خۆ بە تاوانبار ئەزانێ یاخۆ داکۆکی ئەکا و ئەڵێ بێ‌تاوانە؟

**وینستۆن:** بێ‌تاوانە

**جان:( لە خۆ ئەنەوێ کە تورە نەبێ)** بروانە وینستۆن، ئیمە نامانەوێ لەسەر ئەم باسە بدوین. منوتۆئەزانین کە ئانتیگۆن بێتاوانە.بەلام لە شانۆگەریەکەدا ددان بە تاوانبار بوونی خۆ ئەنێ.
**وینستۆن:**نا، جان ئانتیگۆن بێتاوانە.
**جان:** لە شانۆگەریەکەدا...
**وینستۆن: ( رقی هەڵئەستێ)** چاوی شانۆگەریەکە دەرێ! روونە کە ئانتیگۆن بێتاوانە. ئەو مافی رەوای خۆی بووە کە براکەی بنێژێ.
**جان:** مەڵێ چاوی شانۆگەریەکە دەرێ. مەجبورین وا بکەین. لە شانۆگەریەکەدا ئانتیگۆن پێلە تاوانی خۆ ئەنێ.
**وینستۆن: ( بە بێزەوە مل ئەدا)** باشە! با بە کەیفی تۆ بێ.
**جان:** کەیفی من و تۆ نیەیە. لە شانۆگەریەکەدا...
**وینستۆن:** تاوانبارە!
**جان:** بەڵێ، تاوانبارە**( تورە لەسەر عەرزەکە ئەنووسێ)**
**وینستۆن:** تاوانبارە!
**جان:** تابلۆی سێهەم،داوای سووک کردنی باری تاوان.تابلۆی چوارەم،باسێکی کورت لە لایەن شاهێدەکانی دام و دەزگای دەسەڵاتداری. دەرکردنی حوکم و سلامەتی تۆ. دەی. دەس پێ بکە.
**وینستۆن:** چی؟
**جان: ( رائەوەستێ)** تەمرین کە.
**وینستۆن:** ئێمە ئێستا تەمرینمان کرد.
**جان:** من تەمرینم کرد. ئێستا نۆرەی تۆیە.
**وینستۆن: ( پێش لە دەس پێکردنی راهێنان بەرقەوە لفکەکە تور ئەداتە سوچێ)** بێگاری بکە، هەڵێ...
**جان:** مەیخە ئەوێ**( لفکەکە هەڵئەگرێ، قەدی ئەکات و لای ئەبات)** کاتێ شانۆگەریەکە پێشکەش کرێیت. شانازی پێوە ئەکەی. **( بە شەلە شەل ئەچێ بۆ لای بەتانیەکەی و ملوانکەیەکی بە کشتەک و تەنەکەی درگای قوتوو مرەبا دروست کراو دەرئەهێنێ)** بروانە وینستۆن! میداڵی کرێئۆنە. پێت چۆنە؟ ها؟ **( ئەیکاتە ملی)** تۆ تۆ تەمرین ئەکەی، منیش ملوانکەکەی ئانتیگۆن تەواو ئەکەم **(بزمارەکان ئەکا بە ملوانکەکەدا)** یادی بەخێر، وینستۆن! ژوئێنی 1965
**وینستۆن:** دەی...
**جان:** ئانتیگۆن لە نیۆ برایتۆن New Brighton پێشکەش کرا. لە تالاری سێنئێستیفێن. تالار پڕ لە خەڵک بوو.گشت سەرشناسەکان.ریزی بەرەوەیش گشت کاربەدەستان و بەرپرسیارەکان. چ دەورەیێ بوو... جۆرجی Georgie ببوو بە کرێئۆن . ئەیناسی؟
**وینستۆن:** مامۆستا کە؟
**جان:** خۆیەتی. ئەبوا بتدیبایێ. کورتە باڵا و قەوی و قۆڵ و چاوگەش. بەڵام چەن ماوەیەک دوای شانۆگەریەکە، وا لەڕ بوو، ئەت ووت دەمنە سیگارە **( رائەوەستێ و لاسایی جۆرجی ئەکاتەوە کاتێ دەوری کرێئۆنی ئەگێرا)** « هاڤەڵان! ئێستا کە خواکان شاری مەیان لە لافاوی بەڵا پارازتووە و ئاسایش ...» مولیگانی Mulligan پیریش دەوری تەتەری دەبینی و هەواڵی بە شاژن ئەدا**( لاسایی ئەو ئەکاتەوە)** « شاژنی ئازیزا! بەرانبەر بە شاڵاوی خەم و پەژارە خۆڕاگر بن و مەهێڵن جۆگەی فرمێسک گۆنای ئاڵتان بشواتەوە.» **( ملوانکەکە هەڵدێنێ)** تەواو بووا نۆم هلێNomhle ئانتیگۆن بوو. ژنێکی زۆرزان بوو، زۆریش جوان بوو. ئیمشەو هەر لە بەرچاومایە.
**وینستۆن: ( ئاماژە بە نووسراوەکانی عەرز ئەکات)** فێر بووم.
**جان:** دڵنیای؟
**وینستۆن:** لێرەدایە **( ئاماژە بە سەری دەکات و بە قامک ئەدا بە سەر خۆیا)**

**جان:** بیبینین وتاریفی بەین!**( نووسراوەکانی عەرز ئەسڕێتەوە)** باشە، لێپرسینەوەی ئانتیگۆن! گومان لێکراو کێیە؟
**وینستۆن:** ئانتیگۆن!
**جان:** سەرەک دەسەڵاتداری؟
**وینستۆن:** کرێئۆن شاە.
**جان:** تابلۆی هەوەڵ!
**وینستۆن: ( ئێجگار دڵنیا)** ئانتیگۆن مۆری چەن تاوانێ...
**جان:** نا، نا وینستۆن!!!
**وینستۆن: ( دەست ئەنێ بە دەم جانا تا لەوە زیاتر قسە نەکات و توڕە نەبێ)** باشە، باشە گوێگرە. جان ... گوێگرە... دام و دەزگای دەسەڵاتداری مۆری چەن تاوانێ ئەدا لە ناوچاوی ئانتیگۆن **( بێدەنگ ئەبێ)**
**جان:** هەڵە مەکە!
**وینستۆن:** باشە.
**جان:** تابلۆی دووەم!
**وینستۆن:** رای ئانتیگۆن.
**جان:** خۆ بە تاوانبار ئەزانێ یا بە بێ تاوان.
**وینستۆن:** تاوانبار.
**جان:** تابلۆی سێهەم.
**وینستۆن:** داوای لێبوردن ئەکا.
**جان:** تابلۆی چوارەم.
**وینستۆن:** ووتەی کورتی شاهێدەکان ، بڕیار دەرکردنی دەزگای دەسەڵاتداری و ماڵئاوایی.
**جان: ( کەیف کۆک)** دیت فێر بووی؟ ئا... چەن ئاسان بوو؟**! ( وینستۆن رائەوەستێ. جان ملوێنکە و چتەکانیتر ئەنێتە سوچێک و نوێنەکان رائەخەن و ئەیانەوێ بنوون.)** بەشکەم سبەینێ بمانبەن بۆ بێگار. هێشتا بڕێ چت و مەکی شانۆگەریەکەمان کەمە. ژووری چوارده بڕیاریان داوە بڕێ گوریسمان بۆ قژیدەسکرد بۆ بدزن.
**وینستۆن:** بەشکەم. گەرەکمە نەختێ تووتن ببەم بۆ سیفۆSipho
**جان:** سیفۆ؟
**وینستۆن:** دیسان خستویانەتەوە ژووری تاکە کەسی.
**جان:** دیسانیش؟
**وینستۆن:** ئەی چی.
**جان** ئاخ... تف!
**وینستۆن:** سیمۆن Simon ووتی.
**جان:** ئەم را لەسەر چی؟
**وینستۆن:** پێم وابێ داوای دەقی نووسراوەی دیاردەکانی زیندانی کردبوو.
**جان:** بۆچ تاوێ دەس لە کۆڵی ناکەنۆ؟
**وینستۆن:** خۆیشی واز ناهێنێ.
**جان:** راست ئەکەی! بەزنییە هاوژووری نیم. مرۆڤ هەگە وەکو ئەو سەرخەر و کەڵە رەق بێ تووشی گێچەڵ ئەبێ و تەواوی ژیانی تەرەماشێکی تەڕ ناهێنێ.**( وینستۆن رائەکشێ)** تێئەگەی کە مەبەستم چییە؟
**وینستۆن:** ئەرێ.
**جان:** چییە؟
**وینستۆن:** چی چییە؟
**جان:** مەبەستم چییە؟

**وینستۆن:** واز بێنه پیاو!
**جان:** ئەڵێم کەڵە رەق و رقەسوو مەبە. مەبەستم تۆیە. سبەینێ کە هۆدۆشە ئەو درگای کردەوە، هەرچییەکی ووت وەکو بەچکەی بنیئام بڵێ : بەچاوان.
**وینستۆن: ( ماندوو بێ حەوسەڵە)** باشە جان. باشە.
**جان:** لەم ژوورەدا تەنیا نیت. منیش هەم.
**وینستۆن:** خۆ گا نیم. کوێر نیم. کەڕ نیم.
**جان:** گشت کەس ئەبێ بزانێ کە بەرانبەر بە کەسانیتر بەرپرسیارە.
**وینستۆن:** بەراستتە؟! کە وابێ لە بیرتە ئەمشەو نۆرەی تۆیە.
**جان:** من!؟ بۆ مەگەر دوێشەو نۆرەی من نەبوو؟
**وینستۆن: ( بنجپرانە سەر رادەوەشێنێ)** نا. نا دوێنیشەو من تۆم برد بۆ سینما لە بیرتە؟
**جان:** ئای راست ئەکەی. فیلمەکەشی زۆر خۆشبوو« بەدەست و بردترین حەوتیر کێشی رۆژئاوا» گلێن فۆردی تێدا بوو**( لاسایی ئەکاتەوە و دەمانچە ئەکێشێ و چەن کەسێکی خەیاڵی ئەکوژێ)** بەڵام درۆی باشیشت ئەکرد. ئاخر کابرا چۆن ئەتوانێ لە ناو گەڵیەوە بەرەو پشت سەری خۆ تیر بهاوێ؟**( لە سەر نوێنەکانی دائەنیشێ تاوێ تێئەفکرێ. پاشان یەکێ لە پەرداخە تەنەکەکان هەڵئەگرێ و ئەڵێی تەلەیفونی پێیە ، دەست ئەکا بە ژمارە گرتن. وینستۆن گێژ و وڕ تماشای ئەکات)** تەلەیفوون چی، بە زەحمەت نەبێ نیۆ برایتون ... بەڵێ نیۆ برایتون. پۆرت ئێلیزابێت. ژمارەی 414624 ... ئەرێ... لێرە قسە دەکەم...
**وینستۆن: ( ژمارەکەی لا ئاشنایە)** ژمارەی دوکان**!( سەرخۆش لەسەر نوێنەکانی دائەنیشێ. جان درێژە بە تەلەیفونەکەی ئەدا)**
**جان:** ئێسکات خۆتی؟! چۆنی... ئەمناسی! حەرامزاد چۆنو ناسیم؟! دیس چۆنی... چ دەکەی؟ نا . هێشتا لەم کونەدام. هەواڵ و باس؟... ناڵێی؟! نا. جا لە کوێوە؟ ئێمە لێرە ئاگامان لە هیچ نییە... دەی... چی.... کار و کاسبی خراپە؟... تۆ بە هیچێ تێر نابی..نا...نا... ئێرەیش خراپ نییە...**( وینستۆن لە خۆشیانا هەڵئەخاتەوە و ئەیەوێ قسە بە جان ببڕێ. بەڵام جان هەر قسە ئەکا و پێئەکەنێ و ئەنجام سەرنجی جان بۆ لای خۆی رائەکێشێ)**
**وینستۆن:** کێیتر لەوێیە... کێ لای ئێسکاتە؟
**جان:**بە راستی ئێسکات! کێ لە لاتە؟ ها... نە... بانگی کە با قسەی لەگەڵ بکەم.
**وینستۆن:** کێیە؟
**جان:( بێ ئەوەی دەربسەتی وینستۆن بێ)**تاقەخولەکێک کارم پێیەتی...گیانی من ئێسکات... **(جان بەرانبەر بە دەنگی تازە ئێجگار کەیف کۆکە)...** چۆنی حەرامزایی لووسکە! ... لە چییای؟!
**وینستۆن:** کێیە؟ دە بڵێ کێیە؟
**جان: گووشیەکە دوور ئەخاتەوە)** ئێسکای.
**( وینستۆن خۆی پێناگیرێ. چوار دەست و پێ ئەچێ بۆ لای جان و بە ئیشارە و پچە پچە ، بەشداری جان ئەکای)**
**جان:** مانجیMangi چۆنە؟ ووسیVusi لە کوێیە؟ کوڕگەل چۆنن؟ ... وینستۆن؟ .... باشە، لای دەسمۆ دانیشتە. نا. باشە... زۆر باشە..،. ئیمڕۆ دەم قڕیەکی بچووکی تەک هۆدۆشەدا بوو...یەکێ لە چاودێرەکان...نا...زۆر گرینگ نەبوو... چاوی راستی بریندار بوو... وەسەلام. بڕوانە! وینستۆن پرسیار ئەکا پانکیزPunkies خەریکی چییە؟ **( بە دەنگی بەرز پێدەکەنێ)** ئەی زۆرزان... چتێکیش بۆ ئێمە بهێڵەرۆ! **( وینستۆن دیسان ئەیەوێ قسەی لەگەڵا بکات)** زۆر باشە... باشە! باشە!**(هەر بە تەلەیفونەکە)** گوێگرە ئێسکای! وینستۆن ئەڵێ هەگە هەڵکەوت و پێت کرا تا شەقامی دۆرا dora پچۆ، بە ژنەکەی وینستۆن بڵێ: وینستۆن زۆر باشە... بڵێ گشت چتێ دروست ئەبێ... بڵێ ئەبێ خۆڕاگر بێ... وای دانێ کە هیچێ رووی نەداوە... پی بڵێ ئاگاداری گشت چتێک و گشت کەسێک بێت... ئەرێ**( وینستۆن هەر کە**

**بیری ژنەکەی ئەکەوێتەوە حاڵی تێک ئەچێ. ماوەیەک بێدەنگ ئەبێ و پاشان شەکەت و بە سکەخشێ ئەچێتە تۆی نوێنەکانی. جانیش ئەگۆڕدرێ)** ئێسکای! لە شەقامی گراتن نزییکی. بڕۆ بۆ ئەوێ. ژمارەی سیوهەشت. سەرێ لە ئەمیرەکەم بە. ژنەکەم ئەڵێم. هەواڵێکی پرسە. سێ مانگە نامەیم نەگەیشتووەتە دەس. بڵێ بۆ نامە نانووسێ؟ ئەمەوێ هەواڵی منالەکانم بزانم. مۆند Mond ی کچم هەر ئەچێ بۆ فێرگە؟ لف و دووانەکان چۆنن. هەروەها دایک و باوکم! دایکم ناساخە؟ مەترسن. پێم بڵێن... من ئەبێ گشتێ بزانم. ئەزانم گرفتارن و فریای نامە نووسین ناکەون. بەڵام ئێمە دڵمان پێ خۆشە... بە ژنەکەم بڵێ... رۆژێتریش تێپەڕی. لێرە رۆژەکان گشت وەک یەک ئەچن. ئیمڕۆ چووبوین لە لم و زیخ ... دەریا شڵەژا بوو.... وڵاتەکەمان لە دوورەوە جوان نەدەبینرا... بڵێ رەنگە سبەینییش بمانبەن... خراپ نییە... گشتمان پێکەوەین... پێ بڵێ، لێرە هەوا ساردی کردە... بەڵام ساردتریش ئەبێ...

**( شانۆ هێدی هێدی تاریک دادێ)**

**تابلۆی دووهەم**

**ژووری تەسکی زیندان، پاش چەن رۆژ، جان لە ژێر بەتانیەک خۆی حەشار داوە. ڤینستۆن بۆ گێرانی دەوری ئانتیگۆن سینگ قژی دەستکرد و تاقی دەکاتەوە.**

**جان:** ئامادەی؟

**وینستۆن: ( خەریکی ئیشی خۆیەتی)** نا.

**جان:** ئامادەی؟

**وینستۆن:** نا**( پشوو)**

**جان:** ئامادە بووی؟ **( وینستۆن کە ئامادە بووە تەمایەر رادەوەستێ. جان هێدی بەتانیەکە لا دەدات و دەڕوانێتە وینستۆن. ناتووانێ بڕوا بکات. وینستۆن رواڵەتێکی سەیری هەیە، سووڕمانی جان لەگەڵ پێکەنینێکی درێژدادڕانە جێ گۆڕکێ دەکات. بە مست لە دیواری ژوورەکە ئەدات و بانگی زیندانیەکانی دیکەی ئەو دیو ژوورەکە دەکات)** هەی ، نۆڕمان ، نۆڕمان! هەگە پێت دەکرێ دەروە بڕوانە... شاگوڵێکم خستووەتە داو. ( بە حەز و مەیلێکی ئێجگارەوە بە دەور وینستۆنا هەڵدەسوطێ وسینگ و بەرۆکی دەگووشێ، دێنێتە پێش چاو کە دەست لە ناو دەستی یەکتر لە سەیرانگە پیاسە دەکەن. پاش هەر کارێک تێر پێدەکەنێ سەرەکیترین کاتی گاڵتە و پێکەنینی، کاتێکە کە پانتۆڵەکەی دادەکەنێ) وەرە باوەشم جەرگەکەم.

**(وینستۆن کە بەرامبەر بە کردەوەی جان هەتا ئەو کاتە بە زویرییەوە خۆڕاگری نوواندووە، ئەم گەمەی پێهەڵناتاوێ،قژو سینگ گولۆڵە دەکات و فڕێیان ئەدات، بەرەو دۆڵچەی ئاو ئەچێ و دەست بە خۆشتن دەکات.)**

**وینستۆن:** ئیدی تەواو. من یاری ناکەم. ئانتیگۆن بکە بە قنگتا!

**جان: ( دەس لە پێکەنین هەڵدەگرێ)** دەست راگرە پیاو. دەست راگرە.**( دیسانەوە پێدەکەنێ)**

**وینستۆن:** من نامەوێ بەشداری بکەم. برای ئازیز!

**جان:** وینستۆن، تکات لێدەکەم.

**وینستۆن:** هەتا دڵت ئەخوازێ پێکەنە ئازیز گیان. بەڵام با چتێکت رێک و راست پێبڵێم، من دەوری ئانتیگۆن ناگێڕم. هەگە بۆکەسێت دەوێ... من پیاوم، نە ژن.

**جان:** من کەی وام گوتووە؟

**وینستۆن:** ئەی بە چی پێدەکەنی؟

**جان:** ئێستا ئیتر پێناکەنم.

**وینستۆن:** ئەی چ دەکەی؟ دەگریت؟ **( قاقای پێکەنینی جان)** دیسانیش پێکەنە ئەرێ پێکەنە، زیاتر پێکەنە، ئەتەوێ سبەی شەو بە گێرانی دەوری ئانتیگۆن خۆ بکەمە گاڵتە چاڕ، لات وایە نازانم بە دوایا چی روو ئەدات؟ رۆژانی داهاتوو کە دەچین بۆ هوردوی کار...گشت بە من

پێدەکەنن.ها... ها.... ها.... بە یەکتر دەڵێن: گیان! ئانتیگۆن هات... وەرن ئەم کابانە لێقەوماوە یارمەتی بدەن... بەسە ئیتر، بڕۆبمرە بە خۆت و ئەم ئانتیگۆنەتەوە!
**جان** : بە تۆ پێناکەنم.
**وینستۆن**: ئەی بە کێ پێدەکەنی. لیرە جگە لە من کێ جل و بەرگی ژنانەی کردە بەر و خۆی کرد بە گاڵتە جاڕی تۆ؟
**جان: ( ئەیەوێ ئارامی بکاتەوە)** زۆر باشە وینستۆن، ئیتر پێناکەنم.
**وینستۆن**: بڕۆ ون بە لەبەر چاوم. بەم قوریاتانەوە کە دەڵێی....
**جان**: بڕوانە وینستۆن! ئەمە شانۆیە! بۆ نافامی ؟ ئەمە شانۆیە.
**وینستۆن**:تۆبە گاڵتە کردن بە من دەڵێی شانۆ؟بە گۆڕی باوکی خۆت و شانۆتەوە.
**جان**: وینستۆن، پیاوەتی کە بێدەنگ بە و گوێ ڕاگرە.
**وینستۆن**: نا ئازیزەکەم . من دەوری ئانتیگۆن ناگێرم، ئەوەم پێ چێترە کە تەواوی ماوەی ڕۆژ بە فرمانی هۆدۆشە هەڵێم .چۆن هیچ نەبێ ئەزانم چی ئەکەم. ئەوەی ئەو ئەیەوێ، ئەوەیە کە من بکات بە پیاو نە ژنێکی دەسەمۆ.
**جان**: باشە، باشە، زۆر باشە.
**وینستۆن**: ئیتر وتەیەک بۆ ووتن...
**جان: ( بە سەریا ئەنەڕێنێ)** ئەکرێ بێدەنگ بی!
**وینستۆن: ( بە رقەوە لفکەکە ئەکوتێ بە عەرزا)** باشە، فەرموو!
**جان**: من پێکەنام، وایە. من پێکەنام ، بەڵام ئەتەوێ بزانی بۆ؟ بۆ ئامادە کردنی تۆ، بۆ فەوتانی ترسی تۆ. ترسی شانۆ، لات وایە خۆم نازانم چی ئەکەم؟ پیکەنین بۆ دژایەتی لەگەڵ ترسی شانۆیە. من ئەو حەرامزادانە ئەناسم. کاتێ بێیتە سەر شانۆ، دڵنیا بە پێت پێدەکەنن. ها... ها.... ئەوان پێدەکەنن، بەڵام لە بیرت بێ برا، پێکەنینەکەیان هەتا هەتایی نییە، کاتێ دەگات کە بەر بە پێکەنینی خۆ دەگرن و ئەو کاتە،کاتێکە کە ئانتیگۆن بە ووتەکانی خۆشوێنیان لەسەردادەنێ و کاریان تێدەکات.
**وینستۆن**: مرۆڤێکی خۆش خەیاڵی جان، بەس ئەمە بکە بە مێشکتا کە من دەوری ئانتیگۆن ناگێرم. فامی ئەمە زۆر دەگمەن نییە.
**جان: ( بۆ هەوڵ جا تێدەگات کە دەبێ بە نەرمی بجووڵێتەوە)** هەی ، وینستۆن. دەس ڕاگرە پیاو. ئێمە تاقە ڕۆژێ دەرفەتمان هەیە، باشترین بەشی بەرنامەیان بۆ شانۆکەی ئێمە دابین کردووە، ئێمە ئەبێ شانۆکە تەواو بکەین، ئێستا ئیتر ناتووانی خۆ هەڵنجێنی.
**وینستۆن**: ناتووانم؟ دەتەمایەر بە و ببینە.
**جان**: وینستۆن، ئەتەوێ من تووشی چەرمەسەری بکەی؟ ئەمەت ئەوێ؟
**وینستۆن**: باشە، هاریکاری دەکەم.
**جان: ( دڵشاد لەوەی کە سەرکەوتووە)** ئێستا بوویتەوە بە هاڤەڵی من.
**وینستۆن: (سینگ و قژە دەسکردەکە هەڵدەگرێت و ئەیانداتە دەست جان)** ئەمەیش ئانتیگۆن. ئەم سینگ و قژە بگرە و خۆت دەوری ئانتیگۆن بگێرە. من ئەمەوێ دەوری کرێئۆن بگێرم. تێدەگەی کە چ دەڵێم؟ ئەو دوو مەمکە هەڵگرە. من خۆم هێلکەگونانم هەیە و دەوری کرێئۆن ئەگێرم.**( پشت لە جان کە گێژ و وڕ بووە هەڵدەکات. لە پشت دۆڵچێکە قنگە جگەرەیەک و شەمچەیەک هەڵدەگرێ، دادەنیشێ و جگەرە دادەگیرسێنێ)**
**جان: (پاش بێدەنگیەکی بەرەی گێژ و وڕ بوون)** ناگەی. دوێنێ بیرم لێ کردەوە.فریا ناکەوی. بۆ فێر بوونی قسەکانی کرێئۆن دەرفەت پێویستە.
**وینستۆن: ( هەروەها کە جگەرەدەکێشێ)** ووتنی بۆم هاسان نییە. بەڵام ئەمە کەسایەتیە ئێجگار خراپە. من دەوری ئانتیگۆن ناگێرم.
**جان: ( تورە ئەبێ، پاش ماوەیەک دوو دڵی ، قژ لە سەر دەنێ و سینگە دەسکردەکە لە سەر سینگی دادەنێ)** لێم بڕوانە! ئێستا پێکەنە**( وینستۆن ئەیەوێ پێکەنێ، بەڵام پێکەنینە**

**زۆرەملیەکەی زۆر زوو کۆتایی پیٚدیٚت)** دریٚژەی بە.**( پشوو)** پیٚکەنە! بۆ پیٚشت بە پیٚکەنینی خۆ گرتووە؟ ئەتەویٚ بزانی بۆ؟ چون ئەزانی لە پشت ئەم جڕ و جانەوەرانەوە منم. ئەزانی کە ئەمە منم. باشە! پیٚت وایە ئەو حەرامزادانە کە شانۆکە دەبینن نازانن تۆی؟ با، ئەزانن و هەر بۆیەکیش پیٚدەکەنن. بەڵام گرینگ نییە. ئەوان هەوەڵ پیٚدەکەنن ، بەڵام پاشان گویٚ رادەگرن و ئەمە ئەو چتەیە کە ئیٚمە دەمانەویٚ... گویٚ راگرتن لە بەشی ئاخری شانۆکە.

**وینستۆن:** بۆ من گرینگ نییە چ دەڵیٚی جان، من دەوری ئانتیگۆن ناگیٚڕم.

**جان:** وینستۆن خەریکی خۆڵ ئەکەیتەچاوم... تۆ بڕیارت دا...

**وینستۆن:** بەجەهەنەم!... پیٚشتر نەتگوتبوو رووداوی ئانتیگۆن... یەک چی پیٚ دەڵیٚن... یەک رازەیە. ئەمەت دویٚنیٚ شەو درکان. رازەیەکی یۆنانی! چتیٚ کە قەت رووی نەداوە، تەنانەت چیرۆکیٚکی میٚژوویش نییە. بڕوانە برا! من دەرفەتی فیشاڵ کردن و رازە و چیرۆک رستنم نییە. بە گۆڕی باوکی هەرچی رازەوەیە. چاو لە من بکە. خەریکم لەم ژوورە تەسکەی زیندانا دەژیم و ئەزانم بۆ چ لیٚرەم... ئەمە میٚژووە نە رازە! لە «کڕادۆک» بەرانبەر بە بەرپرسی دادگا، قسەی خۆم کرد و ئیٚستا لیٚرەم. شانۆگەری ئانتیگۆنی تۆ وەک یاری زارۆکان دەچیٚ.

**جان:** وینستۆن، ئەمە وتەی هۆدۆشەیە.

**وینستۆن:** بە گۆڕی باوکی تۆ و هۆدۆشەوە.

**جان:** وتەی هۆدۆشەیە وینستۆن. ئەو هەمیسە ئەم وتەیە دووپاتە دەکاتەوە. ئەمە ئەو چتەیە کە ئەو ئەیەویٚ ئیٚمە لە دریٚژەی تەمەنمانا بیڵیٚین ئەوبە گشت داب و نەریت و بیر و بڕواکانی ئیٚمە دەڵیٚ یاری و گەمەزارۆکان. هەر کاریٚ بکەین گەمەی منداڵانەیە. تەنانەت کاتیٚ سەرانسەری رۆژلە ژیٚر گویٚزانی هەتاوا هەڵدین و پاڵ لە گارییەکانەوە دەنیٚین،کاتیٚ هاوار و داو ئەکەین... کاتیٚ... ئەو حەرامزادە بە گشتی دەڵیٚ گەمەی منداڵانە. گویٚگرە برا... من لەم قسانەم زۆر بیستووە. هیچکەس ناتووانیٚ ببیٚ بە لەمپەری پیٚشکەش کردنی ئانتیگۆن.**( ناکاو لیٚک دوور دەکەونەوە. بە پەلە روو لە دیوار رادەوەستن و دەستەکانیان بەرز دەکەنەوە. پانتۆڵەکانیان لە پایان دادەکەویٚ ، هۆدۆشە بانگ لە جان دەکات.)** بەڵیٚ گەورەم! **( پانتۆڵەکەی هەڵدەکیٚشیٚ و لە ژوور دەچیٚتە دەر، وینستۆنیش پانتۆڵەکە هەڵدەکیٚشیٚ. لە رۆیشتنی جان دڵشآد دەبیٚ و لە ژیٚر لچەوە دەپشکیٚنیٚ)**

**وینستۆن:** ئاوبەئاگرا کرا! ئیٚستا بە خزمەتی دەگا. هیوادارم هۆدۆشە دەرسیٚکی باشی پیٚ بدات. هە، ئانتیگۆن گرینگە! ئانتیگۆن وەهایە، ئانتیگۆن ئاوایە، فیشاڵ کەر! بە دەس فشە کردنیەوە وەرەس بووم، پولی نیسیس، ئەتیٚئۆکلیٚس! زیندانیەکانیتریش هەر وەها هیچ کەس بە دەس ئەم ئانتیگۆنە لەحنەتیەوە ئاسایشی نییە. هیوادارم هۆدۆشە ئەمەی پیٚ بفامیٚنیٚ**( گەییشتوەتە درگای ژوورەکە، گویٚ هەڵدەخات. بەرەو قژە دەسکردەکە دەڕوات. بە دەوریا دەگەڕیٚ. هەڵیدەگریٚ و دیسان بەرەو درگای ژوورەکە دەڕوات هەتا دڵنیا ببیٚ کە کەس نایەت. دۆڵچەی ئاو میٚشکی دەهەژیٚنیٚ، قژەکە لە سەر دەنیٚ و لە دۆڵچەکەدا لە خۆ دەڕوانیٚ. پیٚکەنینیٚکی خۆشەڵانە ناکاو دەیبڕیٚ. لە ژووردا هەنگاو هەڵدەگریٚ و بە چەن شیٚوە ئانتیگۆن نیشان ئەدات. هیچکامیانی بە دڵ نابیٚ، خۆی بە نەفام ئەزانیٚ. ئەنجام قژەکە بە قیزەوە ئەدا بە عەرزا)** لەحنەتی**( دەست لە گیرفان و پڕ بڕوا هەنگاو هەڵدەگریٚ)** کایە ناکەم. کاتیٚ گەڕایەوە، پیٚی دەڵیٚم بۆ جاریٚکیش بووە ئەبیٚ ئەو دەمە تاکڵاشەی داخات و گویٚ راگریٚت. نامەویٚ دەم بنیٚمە ناو دەمی، بەڵام خوا بیزانیٚ کە...**( قژە کە ئەداتە بەر شەق)** لەحنەتی! هەگە لەم ژوورەدا پیٚویستی بە ژنە ، بنیٚریٚ لە دوی ژنەکەی با بیٚت. پیوەندی بە منەوە نییە چۆن من لە مانگرتنا بەسداریم کرد و بەڵگەی هات و چۆ کەم لەبەر بینای پۆلیسدا سووتاند. پاشانیش بریکارم گرت و زیندانی بیٚ کۆتاییم بۆ بڕایەوە و ناردمیانە ئیٚرە. بەڵام نەبۆ ئەوەی ئەو جل و بەرگی ژنانە بکاتە بەرم و گاڵتەم پیٚ بکات. هەر کەپیٚی بنیٚتە ژوورەوە پیٚی دەڵیٚم...**( جان دیٚتە ژوورەوە، وینستۆن وا سەرقاڵی باسی ئانتیگۆنە کە هەوەڵ جار پەی بە رەنگ گۆڕانەکەی جان نابات. دریٚژە دەدات)** گویٚگرە برا! ئەمە من نیم کە گیٚرە و کیٚشە پیٚک

دەهێنم. ئەمە ئانتیگۆنە. نە، جان، تکات لێدەکەم. بە خوا قەسەم ناتووانم دەوری ئانتیگۆن بگێڕم، هەوڵ ئەدەم کارێکی دیکە بکەم.وەک گۆرانی ووتن، تۆ هەمیشە زیاتر کە تووانای مرۆڤت لە مرۆڤ ئەوێ. ئەزانی کە من دەتووانم گۆرانی بێژم یان خۆ سەما بکەم. بەڵام ناتووانم دەوری ئانتیگۆن بگێڕم. جان تکات لێدەکەم...

**جان: ( لەسەر خۆ)** وینستۆن...

**وینستۆن: ( هەوا لە خۆدا و بێ ئاگا لە گۆڕانی جان)**

یەک و دووم لەگەڵ مەکە، ئێمە ماوەیەکی درێژ لەم ژوورەدا پێکەوە بووین و نابێ بۆ ئەم قوڕیاتانە لێک زویر بین. من باش ئەناسی، تاقە شتێ ناتووانم خۆمی لەبەرا ڕاگرم پیکەنین و گاڵتەی خەڵکە. هەگە سبەینێ شەو ئەو حەرامزادانە دەس بکەن بە پێکەنین، هەوەڵ کەسێ کە بەر دەستم کەوێ جن جنی دەکەم. خۆت دەستت کرد بە پێکەنین و بە چاوی خۆت دیت چم کرد. گەرەکم بوو دەم و لەوست تێک نێم. گاڵتە ناکەم جان، بە ڕاستی ئەمویست ... هەی.... گوێت لە منە؟ **( چاو دەبڕێتە چاوی جان)**

**جان:** وینستۆن: ... ئەبێ هەواڵێکت پێ ڕابگەیەنم.

**وینستۆن: ( بۆ هەوەڵ جار پەی بە گۆڕانی ڕەنگ و رووی جان دەبات)** چ بووە؟ چ رووی داوە؟ سەبارەت بە هۆدۆشەیە؟ چتێ قەوماوە؟ قڕەمان بۆ ساز بووە؟ ئەبێ بچین بۆ ژووری تاکە کەسی؟

**جان:** چوارشەممەی ڕابوردوو، زیندانەکەم سووک کراوە، سێ مانگی دیکە رزگار دەبم. **( بێدەنگی درێژخایەن وینستۆن گێژ و سەرسووڕماوە و ئەنجام....)**

**وینستۆن:** سێ...

**جان:** سێ مانگی دیکە.

**وینستۆن:** سێ...

**جان:** ئەرێ ، ئەمە چتێ بوو کە پرنیسگوو لووتی.

**وینستۆن:** جان! **( وینستۆن ئێجگار خۆشحاڵە، یەکتر لە باوەش دەگرن. هەڵدەپەڕن، ئەنجام وینستۆن دەس بەر ئەدات و بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵ بە زیندانیەکانی دیکە بە مست ئەدا بە دیوارەکەدا)** نۆڕمان! ... نۆڕمان! جان سێ مانگی دیکە، رزگار ئەبێ. ئەرێ، هەر ئێستا هەواڵیان پێ دا.**( هەژانی وینستۆن، رقی جان هەڵدەستێنێ. ئەو لە دیوارەکە دوور ئەخاتەوە)**

**جان:** وینستۆن! ئێستا نا. سبەینێ کاتی ئێش بە گشتیان ڕادەگەیەنین. بهێڵە با نەختێ ئاسوودە بین.

**وینستۆن:** باشە، باشە، بیگێڕەوە بزانم چ بوو؟ **( دادەنیشن)**

**جان:** تێکەڵم کردووە، ئەرێ، هەر کە درگای ژوورم کردەوە چاوم کەوت بە هۆدۆشە، ئای خوای مەزن... لای خۆ گووتم، بێت و نەبێ قرم و قاڵەکەمان تووشی گێرە و کێشەی کردووین. ڕۆیشتینە بن داڵانەکە، بە لای ڕاستدا، بەرەو ژمارەی چوار لە تاکەکەسییەکان تێپەڕاین. ڕۆییشتینە بن داڵانەکە و لە باتی ئەوەی بە لای ڕاستدا بڕۆین، بە لای چەپدا ڕۆییشتین، بەرەو بینای سەرەکی و ئەنجام گەییشتین بە ژووری پرنسیلوو.

**وینستۆن:** پرنسیلوو!

**جان:** ووتم کە. ژووری پرنسیلوو بوو. نەختێ لە دەرەوەی ڕاوەستاین. پاشان هۆدۆشە پاڵی لە منەوە نا بۆ ناو ژوورەکە، پرنسیلوو لە پشت مێزەکەیدا دانیشتبوو و خەریکی کاغەزەکان بوو. پەڕەیەکی دەرهێنا و بە منی گووت: زۆر ناوچاو بەرزی! بریکارەکەت زۆر بە دوای کارەکەتەوە بووە، ماوەی زیندانییەکەت لە دە ساڵەوە کراوە بە سێ مانگ.

**وینستۆن:** هۆدۆشە چی گووت؟

**جان:** هیچ! گزیر گزەی نەما**( هەر دووکیان پێدەکەنن)**هەی! چتێتر ، هۆدۆشە هێشتی بە تەنیایی بگەڕێمەوە. ئیدی وەدووم نەکەوت.

**وینستۆن:** دە دیارە، تۆ ئیتر ئازادی.
**جان: هەی!** هێشتا ماویەتی وینستۆن، سێ مانگی دیکە... رەنگیشە ئەمە پیلان بێت.
**وینستۆن:** مەبەستت چییە؟
**جان:** ئەو بێ دایک و باوکانە بۆ ورد کردنی مرۆڤ گشت کارێ دەکەن. هەر کاتێ بە لێدان و بێگار هیچیان پێ نەکرا، پیلانێکیتر دەگێرن. دوا چاوپێکەوتنی زیندانیەکان لەگەڵ خێزانیەکانیانت لە بیرە؟ هەتا زیندانیەکان رێک وێستان... فرمان دەرچوو«باش بڕوانن! خواحافیزی بکەن، بگەڕێنەوە بۆ ژوورەکانتان.»
**وینستۆن:** گوتت پنسیلووت دیت، ئا؟
**جان:** خودی پرنسیلو، ناکەس کاتێ چوومە ژوورەکەی ، هەر نەیش بزووت: راسی... ئەشیا کاغەزێکیشم ئیمزا کردایێ، ئەرێ، بەڵگەیەک کە دەیسەلماند دەسکەوتی پێداچوونەوە بە حوکمەکەمیان بە من نیشان داوە... و ئەوەی کە سێ مانگی دی رزگار ئەبم... ئەرێ... ئیمزام کرد.
**وینستۆن: ( بێ هیچ دوودڵییەک)** کە واتە، سێ مانگی دیکە ، جان!
**جان: ( هاتەتەوە بە خۆیا و زۆر لە سەرخۆ)** وینستۆن، سێ مانگی دیکە ، سێ ساڵە کە پێکەوە لەم ژوورە داین، سێ ساڵ لەمەوپێش لە «کێرک وود» بەرانبەر بە بەرپرسی دادگا راوەستا بووم. ئەو عەنتەرە، بە بێ ئەوەی تەنانەت لێم بڕوانێ، گووتی: دە ساڵ . کاتێ جیڕەی قەڵەمەکەی هات، دە ساڵ لە ژیانم ، لەبەر چاوما بوو بە دووکەڵ و چوو بە حەوادا. هەوەڵێن ئاشنایمان شەوی ئەو رۆژە بوو، کاتێ بە لۆرییە تایبەتیەکان بردمانیان بۆ زیندانی «رووی هیل».
**وینستۆن:** ئەرێ ، من و چەن کەسی دی لە شاری کڕادۆک دەگەڕاینەوە . لەوێ محاکەمەیان کردین.
**جان:** تۆ، تێمبا...
**وینستۆن:** سیفوو...
**جان:** ئەو فشەکەرە!
**وینستۆن:** هەوەڵ را کە زیاتر یەکمان ناسی رۆژێ دوای ئەو رۆژە بوو ، کاتێ لە حەسار، ریزیان کردین هەتا بە لۆری بمانهێرن بۆ ئێرە...
جان: پاشانیش لێک مارەمانیان کرد. **( یەکیان دەستی راست و ئەوی‌تر دەستی چەپ لە لای یەک دایدەنێن و کەلەبچەبوونی دوو تووڵی نیشان ئەدەن.)**
**وینستۆن:** نێوی ئەو پیرەپیاوەت لە بیرە؟ ... ئەوەی کە هەمیشە لە سەرپێچی ریزکەدا رادەوەستا و لەگەڵ سیفۆ کەلەبچە دەکرا؟
**جان:** لەگەڵ سیفۆ؟
**وینستۆن:** ئەرێ، ئەوەی کە دەستی کرد بە گۆرانی چڕین...
**جان:** ( بیری ئەکەوێتەوە) ئەها... پیتێر... تاتووپیتێر.
**وینستۆن:** خۆیەتی.
**جان:** گشت چتەکان خەریکن دێنەوە بیرم. کاتێ لۆریەکان لە دروازەکانی زیندانەوە دەرکەوتن ژنەکان و دایکەکان بەرەولایان هەڵاتن... ئەیانویست خواحافیزییان لێ بکەن. ئێمەیش لە ناو لۆرییەکانا ، هەوڵمان ئەدا بۆ دوا جار لە دەلاقەکانەوە بیانبینین.
**وینستۆن: ( سەر دەلەقێنێ)** جا ووتوو.
**جان:** مەرج ئەکەم گۆرانی ئەو پیرە پیاوەشیت لە بیر نەماوە( وینستۆن نایەتەوە بیری، جان هێدی دەست بە چڕین دەکات، گۆرانی سروودێکی **بەرگرییە، وینستۆن هاوڕێی دەکات)**
وینستۆن: **( بە داخەوە سەر رادەوەشێنێ)** کاتێ گەییشتین بە هۆمێنز دۆرپ، گشتا بێدەنگ ببووین.

**جان:** سروودێکی قۆڕ بوو! ئەمویست پیایا هەڵمیزم، هەڵەم کرد و کاتی ڕێکەوتن لە ڕۆیی‌هێل دۆڵچییەک لە سوچی لۆرییا بوو، بەڵام بە لەونێ تەپانبووینە یەک کە نەمان‌ئەتووانی ببزوین. لە بیرتە؟ ویستم لە بەین تۆ و یەکێترەوە تێپەڕم بەڵام ئیفاقەی نەبوو. خۆم ڕاگرت. هەتا « هۆمنیز دۆرپ»، هەتا « ئێستورمز ری‌وەیر» هەتا « بلایۆکرانتز» یش توانیم خۆ ڕاگرم. بەڵام لە «کنیسنا» گووتم جەهەنم و ...**( لاسایی رزگار بوونی میزەڵدان پاش میز کردن دەکاتەوە. وینستۆن لە دڵەوە پێدەکەنێ. جانیش لەگەڵیا پێدەکەنێ)** لام وایە هەتا ئەو کاتە تۆیس خۆت خوساندبوو!

**وینستۆن:** نا.

**جان:** ڕەنگە وابێ. بەڵام ئەتووانم بڵێم هەتا شاری «ژۆرژ» کەس نەبوو پانتۆڵەکەی نەخوسا بێ. لە بیرتە کاتێ لەوێ ڕاوەستاین؟

**وینستۆن:** ئەرێ ، لام وا بوو ئەهێڵن چەن هەنگاوێ بڕۆین بە ڕێگادا.

**جان:** ئەو حەرامزادانە؟ لە پومپ بەنزینی زیندان ماشینەکەیان پڕ کرد و ڕێ کەوتنەوە. زیندانیەکانی ئەوێت لە بیرە؟ لە پشت دەلاقەی ژوورەکانیانا کۆبوونەوە و هاواریان ئەکرد: « بە هێز بن برایان، ورە بەر مەدەن» پاشان... خوا گیان ، ئیتر ماندوو ببووم. نازانم پاشان خەوتین یان نەخەوتین.

**وینستۆن:** چ دەڵێی؟ بە هیج لەونێ نەدەکرا بخەوین.

**جان:** پاشانیش قەراغە بوو و بەلەمەکان... هەوەڵ جار بوو سوار بەلەم ئەبووم. ویستم بڕشێمەوە... بەڵام زگی خاڵیم هیچی تیا نەبوو.

**وینستۆن:** من بۆ نایەژی.

**جان:** ئەنجام بۆ هەوەڵ را چاومان بەم ئادە کەوت. هەرچەن تەم و پژ دەور و بەری گرتبوو بەڵام لە دوورەوە جووان بوو.

**وینستۆن:** من حاڵم خراپتر لەوە بوو کە بتووانم چتێ ببینم.

**جان:** کاتێ بازت دایە سەر قەراغە، لە بیرتە چیت گووت؟**( پشوو، لە یەکتر دەڕوانن)** وتەیەکی دڵڕفێن بوو، گەڕایتەوە، ڕوانیت لە کێوەکان و گووتت... ماڵئاوا ئافریقا. هیچ کاتێ ئەم وتەیە فرامۆش ناکەم. سێ ساڵی پێش بوو!

**وینستۆن:** ئێستایش تاقە سێ مانگ لە ماوەی زیندان بوونت ماوە.**( بێدەنگی، جێژن و شادییان سڕ ئەبێتەوە. جان تێدەگات کە هەواڵی خۆشی ئەو لە لایەن وینستۆنەوە چلۆن ڕاڤە دەکرێت.)**

**جان:** بە گۆڕی باووکی گشت چتێ. با بنووین**( وینستۆن نابزوێ، جان قژە دەسکردەکە ئەدۆزێتەوە)** وینستۆن! خەریک بووم بیرم ئەکردەوە، بیرم لە بنەماڵەکەم، ژنەکەم پرەنسێس و منداڵەکانم ئەکردەوە، لات وایە هەواڵیان پیداون؟ خوا گیان! ڕەنگە ئێستا، ئەوانیش خەریک بن بیر لەوە بکەنەوە، لە سێ مانگی دی! ئەم سێ مانگە وەک سێ ساڵ دەنوێنێ. کاتێ تەمایەری چتێکی کات زۆر بە ئەسپایی تێدەپەڕێ**( پشوو. وینستۆن هەروا بێدەنگە. جان باس و شێوەی گووتنی خۆ دەگۆڕێ)** گوێ ڕاگرە! ئەبێ بڕیار بدەین لەم ژوورەدا ئیتر لە سێ مانگ نەدوین. ڕەنگە گشت ئەم چتانە داو و پیلان بێ، کە واتە با فەرامۆش بکەین. سبەینێ گشت بەرەو هۆردوی کار هەڵدین. پێکەوە. ئێستا ئیتر با بنووین!

**تابلۆی سێهەم**

**ژووری زیندان، هەر ئەو شەوە، پاش ماوەیەک ، دوو بەندی نوستوون، وینستۆن بە ڕواڵەت نوستووە، جان تاوەنەتاوێ لە سەرشان ئەتلێتەوە، ئەنجام هەڵدەستێ، بێدەنگ بەرەو دۆڵچە دەچێ، ئاو ئەخواتەوە و بەرەو نوێنەکەی دەگەڕێتەوە، بەڵام ڕاناکشێ. بەتانیەکەی ئەدا بە سەرشانیا و بیر لە سێ مانگی داهاتوو دەکاتەوە، بە قامکەکانی دەیژمێرێ، لە پشتیەوە وینستۆن لەسەر جێگەی خۆ دادەنیشێ و ماوەیەک بێدەنگ لەو دەڕوانێ.**

**وینستۆن: ( بە بزەیەکی نا ئاساییەوە)** ڕۆژەکان دەژمێری؟
**جان: ( ڕادەچڵەکێ)** چی؟ وینستۆن! تۆقام، پیاو لام وابوو نوستووی. چیە؟ ناتوانی بنووی؟
**وینستۆن: ( هەروەها بزە لەسەر لێو ، بێ دەربەست بوون بەرانبەر بە پرسیاری جان) لە** ئێستاوە ڕۆژ ژماردنت دەست پێکردە!
**جان: ( بێ هێز)** ئەرێ.
**وینستۆن:** چەند ڕۆژی دی؟
**جان:** نەوەد و دوو ڕۆژی دی.
**وینستۆن:** باش حەساوەکەیو ڕاگرتووە.
**جان: ( هەژاو)** هاسانە! بڕوانە! ... بیست ڕۆژ لەم مانگەمان ماوە، سی ڕۆژ ژوئن، سی و یەک ڕۆژ جولای و یازدە ڕۆژیش ئووت. ... بە سەریەکەوە دەکاتە نەوەد و دوو ڕۆژ.
**وینستۆن: ( بزە لەسەر لێو، ورد دەڕوانێتە جان)** سبەینێ.
**جان:** نەوەد و یەک ڕۆژ
**وینستۆن:** دوو سبەی.
**جان:** نەوەد.
**وینستۆن:** ڕۆژێکییش دەبێ بە هەشتا ڕۆژ.
**جان:** وایە.
**وینستۆن:** پاشان حەفتا.
**جان:** بەڵام وینستۆن، بەم پەلەی کە تۆ دەڵێی تێناپەڕێ.
**وینستۆن:** پاشان، تەنیا شەست ڕۆژی دی.
**جان:** ئەوسا دەبێ دوو مانگ دی لەم جزیرەدا بم.
**وینستۆن:** پەنجا ڕۆژ... پاشان هەر چل ڕۆژ لە هۆردووی بێگارا.
**جان:** خوای مەزن، وینستۆن!
**وینستۆن:** سی ڕۆژ
**جان:** یانی سێ مانگ، تاقە سێ مانگ.
وینستۆن: بیست ڕۆژ( **دەستی هەڵدێنێ و بە قامکەکانی دەژمێرێ)** پاشان دە ڕۆژ... پێنج، چوار، سێ ، دوو... و ئەنجام سبەی ئەو ڕۆژە! **( جان هێز لە لەشیا نامێنێ)**
**جان:** کۆتایی پێ بهێنە، وینستۆن! تکات لێدەکەم، ئەم قسانە مرۆڤ ئازار ئەدات، ئیدی باسی مەکە. سێ مانگ فەرامۆش بکە! ئەمەوێ بنووم**( دەگەڕێتەوە نێو نوێنەکەی، خۆ گرمۆڵە دەکات و ئەیەوێ بخەوێ، وینستۆن دیسان ڕادەکشێتەوە، لە میچی ژوورەکە دەڕوانێ و پاش پشوویەکی کورت لەسەر خۆ دەست پێدەکات)** لەم سێ مانگە، ئەوان تەنیا دوو مانگی لێرە ڕات دەگرن. پاشان دەتبەن بۆ قەراغە و سواری بەلەمت دەکەن. لەم جزیرە ماڵئاوایی دەکەی، یەکڕاست دەتبەن بۆ زیندانی ویکتۆر وێرستێر لە وڵاتی ئەفریقا!
**( جان بە نا بەدڵی گوێ ڕادەگرێ، ئەنجام دادەنیشێ و تەواو گوێ ڕایەڵی وینستۆن و باس و تاریفەکەی ئەو لە دوا ڕۆژانی پێش لە ڕزگار بوون دەبێ)** لەوێ ژیانت دەگۆڕدرێ، زۆر ساناتر دەبێ، چون ئەوێ هۆدۆشەی لێ نییە. هۆدۆشە لەگەڵ من لەم ئادەدا دەمێنێتەوە. لە ویکتۆر ورمێستڕ ئیزنت پێ ئەدەن لە ڕەزستانا ئیش بکەی، جان! ئیتر باسێ لە لم کێشان و کاری قورس نییە. پەیتا پەیتا پرتەقاڵ و ترێ دەخۆی... خواردەمەنیت زۆر و پێخۆرت باش ئەبێ. پێخۆری باش و لەش ڕاهێنان، بە شێوەیەک کە کاتێ ڕزگار بووی ڕێک و پێک و بەدەماخ بنوێنی. شەوانەیش گشت جۆرە یاری و سەرقاڵی ... لۆتۆ، شاترنج، دامە... پاشان ڕۆژێ بانگت دەکەن، سەیارەی زیندان تەمایەرتە. هەر ئەو پانسەد کیلۆمێترە گەز دەکەیتەوە، بەڵام ئەم جارە ناچار نیت بە سەر پێوە ڕاوەستی، ئەتووانی دانیشی، کەلەبچەیش لە دەستتدا نییە. تەنانەت ڕەنگە لە ناو ڕێدا ڕایگرن و دەس بە ئاویش بگەیەنی. ئەرێ دڵنیام، ئەم کارە دەکەن. تەنانەت ئەتووانی لە سوچێکدا ڕاکشێی و بخەوی. ئەنجام دەگەی و پۆرت ئیلیزابێت

و دیسان زیندانی روئی هیل. جان! ئیتر زۆر لە شارەکەتان دوور نیت. شاری دوایی نیۆبرایتۆ نە، لە دەلاقەی ژووری زیندانەکەتەوە هات و چۆی خەڵک دەبینی و دەنگی باسەکان دەبیسی. پاشان سەوێکی دی کە ناتووانی بخەوی، چون دیسان دەبێ بژمێری، بەڵام نەوەک ئێستا رۆژەکان، بەڵکوو کاتژمێرەکان دەژمێری. بۆ بەیانییا ، ئەو رۆژە رازاوە دێ جان! لە زیندانەوە یەک سەر دەتبەن بۆ ئەو ژوورە تایبەتەی کە کراس و پانتۆڵی تازە و جووتێ پێڵاوی قاوەییت پێدەدەن...هەروەها چت وەمەکەکانی خۆت.لە بیرم چووەوە، چی لە بەرتا بوو؟

**جان:** راستت ئەوێ، کراسێکی سپی و پانتۆڵێکی خۆڵەمێشی و کەڕاواتێکی رەش... پێڵاوەکانم قاوەیی بوو، گۆرەوییەکانم...؟ **( بزە دەگرێ)** گۆرەوییەکانم لە بیر نەماوە... کۆتێکی چوارخانەیش لەبەرمدا بوو... و کاتژمێرەکەم! کاتژمێریشم لە دەست بوو.

**وینستۆن:** گشت ئەم چتانەت بۆ دەپێچنەوە. بوخچەکەت دەنێیتە ژێر باڵت و بەرەو دروازەی زیندان رێنوێنیت دەکەن و لەدەرەوی زیندان ، جان! لە دەرەوە نیۆبرایتون چاوەڕێتە، باووکت، دایکت، پڕێنسسی ژنت و منداڵەکانر و مەوکاتێ دەرکە دەکەیتەوە...**( جان جارێکی دی و ئەم را تووڕەتر، ناڕەزایەتی دەنوێنێ، چما خەیاڵی رزگاری پێ‌هەڵناتاوێ)**

**جان:** بەسی لێ بڵێ وینستۆن، بیکە بە خاتری خوا و دەس لەم سێ مانگە هەڵگرە... ئەمەوێ بنووم **( ئەیەوێ لە وینستۆن دوور کەوێتەوە، بەڵام وینستۆن کە ئیتر ئەو بزە دەسکردە بە سەر لێویەوە نەماوە، وەدووی دەکەوێ)**

**وینستۆن: ( جان رادەگرێ کە ئەیەوێ بە چنگەکرێ خۆی دوور خاتەوە)** هێشتا کۆتایی نەهاتووە، جان.

**جان:** لە کۆڵم بەرەوە.

**وینستۆن:** کۆتایی نەهاتووە، بنەماڵەکەت دەتبەنەوە بۆ ماڵ، شەقامی گراتێن ژمارەی سی و هەشت، لە بیرت ماوە خۆ، جان! گشت خزم و کەس چاوەڕێتن... پورەکان، مەتیەکان، خاڵۆکان، مامەکان، دۆستان و هاوسێ و دراوسێکان، وەکوو شا لەسەر کورسی داتدەنێن، هەرچیەک دڵت بخوازێ پێت دەدەن... خوراکی، شەربەت، دۆی سەرتەزێن، پاشان سەری قسە دەکرێتەوە، تۆ باسی ئێرەیان بۆ دەکەی، باسی هۆدۆشە و هۆردووی بێگار، باسی دۆستە گیانی گیانیەکەت. وینستۆن، کە رۆیشتی و بە جێت هێشت... بەڵام هێشتا ناسرەوی، چون نیازت بە عێشقبازییە، عێشقبازییەکی ئاگراوی و بە تین و کەرانە.

**جان:** بەسە ئیتر وینستۆن!

**وینستۆن: ( بێ بەزەییانە)** هۆی ئەوشە کە هەر ئەوشەوە کاتژمێری دە لە درگای پشتەوەی ماڵ دەچیتەدەر و بەرەو ئێسکای دەچی! بیری لێ بکەرەوە پیاو! تەواوی هاڤەڵان چاوەڕێت دەکەن. جۆرجی،مانجی، سۆمۆزی. هەتا پێت دەخورێ بیرەت پێدەدەن. تەڕ و وشکت دەکەنەوە، ئەزانن دڵت بە چیەوەیە، ژنێکت بۆ دێنن.

**جان:** بەسە ئیتر...ئیتر...

**وینستۆن:** شوێنێکی چۆڵیش دابین دەکەن و بەجێتان دەهێڵن. هەوڵ پیایا دەڕوانی، ئەو جل و بەرگەی دادەکەنێ و تۆ لێی دەڕوانی. پاشان....

**جان:** وینستۆن، بەسیە ئیتر!

**وینستۆن:** ئێستا گشت چتێ ئامادەیە! حەساوی رایدەبوێری**( جان ئەنجام بەرەو لای وینستۆن دەگەڕێتەوە، بێدەنگی درێژخایەن، چاو لە چاوی یەک دەبڕن،جان بە بینینی تێکچوونی رەنگ و رووی وینستۆن ترس دایدەگرێ)**

**جان:** وینستۆن، چی قەوماوە؟ بۆ وا لۆمە و تەمێم ئەکەی؟

**وینستۆن: (لەسەر خۆ)** پاشان بۆگەن دەکەی جان! بۆگەنی بیرە، هەڵس و کەوت، جندەبازی و رزگاری، رزگاریت تازە بوونی خۆی لە دەس ئەدات و بۆگەن دەکات جان! ئەمە چتێکە کە من شێت ئەکات.

**جان:** وا نییە وینستۆن!

**وینستۆن:** وایە. حەشا مەکە. سێ مانگی‌تر کاتێ خەریکی کەفی برە لە زارت دەسڕی، دەست بە ناوگەڵەتەوەیە و لنگ حەوا کەوتوویەک چاوەڕێت. پێدەکەنی، دەخۆیتەوە، خۆش رایدەبوێری و گشت چتێ لە بیر ئەچێتەوە. فشە و فیشاڵ مەکە. کات کەمە، تەنیا دوو مانگی دی پێکەوەین **(پشوویەک)** ئەزانی ئەم بەیانییە بیرم لە چی کردوەوە؟ کاتی بێگار لای دەست هاری پیرەوە راوەستا بووم... خۆ ئەیناسی؟

**جان:** ئەرێ.

**وینستۆن:** ئەرێ چی؟ چۆنی دەناسی؟

**جان:** هاری پیرە، ژووری ژمارە بیست و سێ، حەفتا ساڵ تەمەنیەتی و زیندانەکەی هەتا هەتایی و بێ کۆتاییە.

**وینستۆن:** مەبەستم ئەمە نییە. سبەینێ کە چووین تۆ بێگار، باش لێی بڕوانە. بڕوانە دەستەکانی و چاوەکانی ، گیانلربەرێکی دیسان لێ دروست کردووە، پیری ئەڵێی بووە بە بەرد! کاتێ بە چەکوش کار ئەکات باش لێی بڕوانە، رۆژی بیست بەردی گەورە ئەتاشێ. کەس ناتوانێ کاری وەها بکات. ئەڤینداری بەردە. هەر بۆ ئەمەشە کاهربەدەستانی زیندان خۆشییان دەوێ، خۆی لە بیر چووەتەوە، گشت چتێکی لە بیر چووەتەوە. نازانێ لە کوێوە هاتووە و بۆ لێرەیە. ئەمە بەڵایەکە بە سەر منیشا دێت. لە بیرم چووەتو بۆ لێرەم.

**جان:** وایش نییە.

**وینستۆن:** من بۆ لێرەم!

**جان:** بە خاتری کەسانی دی.

**وینستۆن:** بە گۆڕی باووکی کەسانی دییەوە.

**جان:** وا مەڵێ. بیر لە بیر و بڕواکانمان بکەرەوە.

**وینستۆن:** بە گۆڕی باووکی بیر و بڕواوە.

**جان:** نا وینستۆن! دروشمەکانمان ، رزگاری منداڵەکانمان...

**وینستۆن:** بە گۆڕی باووک دروشم و رامیاری و ئەم جۆر چتانە. من بۆ لیرەم؟ جان ئیرەیی بە رزگاری تۆ دەبەم، منیس دڵم پێوەیە بژمێرم. خوا دە قامکی بە منیش داوە، بەڵام ئەبێ چی پێ بژمێرم؟ ژیانم؟ چلۆن جان ؟ یەک... یەک یەک رۆژی‌تریش تێپەڕی...یەک ... جان یارمەتین بدە... یەک رۆژی‌تریش...یەک...یەک... ڤرا یارمەتیم بدە... یەک...**( جان بەرانبەر بە دەرد و ئازاری وینستۆن نازانێ چی بکات، وابزا وینستۆن لە ژێر باری خەما تێکشکاوە. پاش‌ماوەیەک هێواش هێواش راست دەبێتەوە و دیسان روو لە جان دەکات، دەنگی پڕ لە سۆز و خەم و پەژارەیە)** برای هاووڵات. **( جان سەر بەرز ئەکاتەوە و لێی دەڕوانێ)** برای هاو وڵات! ...ئیتر گشت چتێ کۆتایی پێهات. گشت چتێ**( ئاوڕ لە جان ئەداتەوە)** بمبورە**( جان ئەیەوێ داکۆکی بکات)** نا، جان. بمبورە... چون بڕیارم وایە فەرامۆشت بکەم. ئەرێ فەرامۆشت دەکەم. زیندانیەکانیهتر دێن بۆ ئێرە... رۆژ دەژمێرن،رزگار دەبن و من فەرامۆشیان دەکەم. ئەوان دێن، رۆژەکان دەژمێرن- وەکاتۆ- پاشان رزگار دەبن- مینا تۆ- منیش فەرامۆشیان دەکەم. تا ئەنجام رۆژێ کۆتایی بە هەموو چتێ دێ**( رووناکایی تێپەڕ بوونی دەمان نیشان ئەدات، وینستۆن کەرەسەی ئانتیگۆن کۆ دەکاتەوە)** بڕۆین. گشت تەمایەرن!

**جان:** وتەکانت لە بیرماوە.

**وینستۆن:** ئەرێ، با بڕۆین، ئەگینا ناگەین.

**تابلۆی چوارەم**

**دوو زیندانی ، ئەردی ژوور وەک شوێنی شانۆگەری دەگۆڕن بەتانیەکانیان دەکەنە پەردەی پشت شانۆ، هەڵی دەواسن و وینستۆن لە پشتیانەوە خۆ دەشارێتەوە. جان کە هێشتا جل و بەرگی کرێئۆنی لەبەر نەکردووە، دێتە پێش و ورد لە جەماوەر.**

**جان:** سەروان پرنسیلوو، هۆدۆشە چاودێران و بەرێزانی زیندانی! دوو برا لە بنەماڵەی لابداکووس لە شەرێکی دەستە و یەخەبووندا بەرانبەر بە یەک رادەوەستن، یەکیان لایەنی دەسەڵات و ئەوی دی دژی دەسەڵات. هەر دووکیان لە گۆڕەپانی شەڕدا دەکوژرێن. کرێئۆن شا، فرمانی دا بە ژنی ئەو براکە لایەنگری دەسەڵات بوو بە داب و نەریتی ئایینی، بەو شێوەی کە شایەنی مرۆڤە بە ناوبانگەکانە، بە خاک بسپێردرێ، بەڵام بە ژنی براکەی دی.
پولی نیسیسی خایەن و یاخی ، کە لە تەریکەبوونەوە گەڕابووەوە هەتا وڵاتی باووکی بسووتێنێ و خوێنی دەسەڵاتدارەکەی برژێنێ،بە بێ گۆڕ و شیوەن. لە گۆڕەپاندا دەمێنێتەوە با بگەنێ و برزێ، یاخۆ ببیتە خۆراکی درندەکان. ئەمە یاسا و فرمان بوو! بەڵام ئانتیگۆن، خوشکی ئەو دوو برا، هەڵیدایە یاسا. لەشی براکەی لە خاکا نێژا. ئانتیگۆن گیرا و زیندانی کرا. هەر بەم هۆیە ئەمشەو ئەم دوو گوێدرێژەی هۆدۆشە، زیندانیانی ژووری چل و دوو، بۆ سەرقاڵی ئێوە، شانۆی «لێپرسینەوە و سزای ئانتیگۆن» پێشکەش دەکەن.
**( دەچێتە پشت بەتانیەکان، دەنگی ترۆمپێت، بەتانی لادەدرێ و جان لە جل و بەرگی کرێئۆندا دەردەکەوێ ملوانکەی بەردین لە مل و تاجێکی لەسەرە، بەتانیەکیش وەکا عابا لەسەر شانیەتی)**
گەل و هۆزی من! کرێئۆن بەرانبەر بە کۆشکەکەی راوەستاوە و سپاستان دەکات! بێدەنگ! بێدەنگ! چ دەبیسم؟ تو پیاوی باش بڵێ بزانم . کەسێ ووتی: بژی شا، وا بوو؟ گەلی زانای من! من خزمەتکاری ئێوەم- خزمەتکارێکی بەختەوەر بۆ خزمەت بە ئێوە. چەن جار ئەبێ بڵێم و داوا بکەم کە لەم جل و بەرگە پاشایانە وەک جل و بەرگی خزمەتکاری خۆ بڕوانن. من بەختەوەرم کە دەبینم ئێوە بەختەوەرن، کرێئۆن بەختەوەری ئێوەی ئەوێ. چلۆن دەکرێ شیاو بوونی دەسەڵاتێ هەڵسەنگێ؟ بە شکۆی کۆشک و سەراکانی؟ رێک و پیکی و مەزن بوونی پەرستگاکانی؟ سەرکەوتی زانایان و بلیمەتەکانی کە ئێستا دەتووانن بچنە کورەی مانگ؟ هیچ کام. ئەم پێوەرانە گشت بەرانبەر بە بەختەوەری خەڵک بێ بایەخن.
تا ئێستا بیرتان لێ کردووەتەوە و پرسیارتان لە خۆ کردووە کە دابین کردن و پێک هێنانی ئەم بەختەوەرییە ئەرکی سەرشانی کێیە؟ وەڵام هاسانە، وا نییە؟ ئەرکی سەر شانی خزمەتکارەکەتان ، پاوشایە ئە پرسیارەشتان پرسیوە کە شا بۆ بەدی هاتنی ئەم بەختەوەرییە نیازی بە چییە؟ یەک شا جگە لە تاجە و تەختە جێگەمەکەی چ ئامرازێکی بۆ وەدی هاتنی بەختەوەری گەلەکەی پیویستە؟ وەڵام هاسانە، یاسا. بەڵێ یاسا، قشەیەکی چوار پیتی. ئێوە چەن جار و چەنا جار ئەم وشە لەسەر زارتان ئاڵ و گۆڕ دەکەن بە بێ ئەوەی لە خۆ پرسیار بکەن: یاسا چییە؟
هەگەریش پرسیارتان کردبێ ، گورج دەسەودامێنی وەڵامە سواوەکان بوونەتەوە: یاسا ئەوە دابین دەکات، یاسا ئەمە دابین دەکات، یاسا ئەڵێ... گەلی باشی من! یاسا دابینکەر یا بێژەری هیچ نییە. یاسا داکۆکی کەرە، یاسا داکۆکی دەکات.
یاسا کەمتر یا زیاتر لە ئامرازێ نییە کە بۆ داکۆکی لە ئێوە بە دەست منەوە دراوە. بەڵام تەنانەت هەگە لەمپەرێکی تووانایش بێ، بوونی لە یەک دەستا بۆ داکۆکی کەڵکی ئەوتۆی نییە مەگەر ئەوەی لە دەستەکەیترشدا شمشێرێ هەبێ بۆ وەشاندن کە واتە یاسا تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەیە، سزا! ئێمە دۆخێکی تاڵمان تێپەڕاند. پێویست ناکا بڵێم، چ قات و قڕی و ورم و قاڵ لەو دیو سنوورەکانی منەوە خۆیان لێ مڵاس داوین. ئێمە لەگەڵ ئەو مشکە بێ غیرەتانەی کە بەختەوەری ئێمەیان دەست نیشان کردە و ویستویانە ئاسایشمان بجاون و بیفەوتێنن بە شەڕ هاتووین. ئەو نەگریسانەمان تێک شکاندووە، بەڵام بەداخەوە، هێشتا توخمەی زیانکار و پیلانگێر... نەفەوتاوە. هێشتا لە نێو ئێمەدا ماون. ئەو مشکانەی کە هیچ چتێ جگە لە فەوتانی ئەم گەلەیان ناوێ و من ئەبێ رووکارێکی دیکەی کرێئۆنیان پێ نیشان بدەم... رووکارێکی تەواو جیاواز لەگەڵ ئەو رووکارەی کە هۆزی بەختەوەری ئێمە خۆشیان ئەوێ و بژی بژی بۆ دەکەن. بە دڵێکی پڕ لە ناسۆرەوە- کە زۆر زوو هۆیەکی تێدەگەن- ئەبێ بە ئێوەی

رابگەیەنم کە یاخیەکی دیمان گرتووە، هەربۆ ئەمەش ئێوەم لێرە کۆ کردووەتەوە. رەنگە دەرسی عیبرەتێ بێ بۆ ئەوانەی کە لە ناو ئێوەدا هێشتا دڵ کرمۆڵن، پەنای مشکەکان ئەدەن و داکۆکیان لێدەکەن. یاسا داکۆکی کرد و ئێستا نۆرەی شمشێرەکە بوەشێت. تاوانبار بهێنن ( **وینستۆن بە چل و بەرگی ئانتیگۆنەوە دێتە ناوەوە، قژی دەکردی لەسەرە، ملوانکەیەکی لە بزمار دروست کراوی لە ملە و باتانیەک وەکا داوێن لە دەور لەشی ئاڵاوە)** ناو!

**وینستۆن:** ئانتیگۆن کچی ئۆدیپووس، خوشکی ئێتێئۆکلێس و پولی نیسیس.

**جان:** تۆ تاوانبار کراوی بەوەی کە یاسات لە ژێر پێ ناوە و بە بێ ئەوەی رێز لەوەمان بگری، لەشی پولی نیسیس یاخی و تاوانبارت بە خاک سپاردووە.

**وینستۆن:** من لەشی برای خۆ پولی نیسیسم بە خاک سپاردووە.

**جان:** ئەتزانی کە یاسا بەرگری لەم کارە کردووە؟

**وینستۆن:** بەڵێ.

**جان:** لەگەڵ ئەوەش گوێت بە یاسا نەدا.

**وینستۆن:** بەڵێ.

**جان:** ئەتزانی سزای ئەم دژایەتیە لەگەڵ یاسادا چییە؟

**وینستۆن:** بەڵێ.

**جان:** بەرانبەر بەم کردەوانە؟ یاسا چۆنی هەڵسەنگاندی، تاوانبار یان بێ تاوان.

**وینستۆن:** تاوانبار!

**جان:** ئانتیگۆن تۆ پێت لە کردەی خۆت ناوە و تاوانباری. وتەیەکی دیکەت هەیە کە بۆ کەم بوونەوەی باری تاوانت بیڵێی ، ئەمە بۆ تۆ دوا دەرفەتە. هەگە وتەیەکت هەیە بڵێ.

**وینستۆن:** کێ یاسای بەرگری لە بە خاک سپاردنی براکەمی داناوە؟

**جان:** حکومەت.

**وینستۆن:** حکومەت کێیە؟

**جان:** وەکو شا، من نوێنەری حکومەتم.

**وینستۆن:** کە واتە تۆ ئەم یاسایەت داناوە.

**جان** : بەڵێ! دانانی یاسا بۆ حکومەت.

**وینستۆن:** تۆ کێی؟ خوای؟

**جان:** کچەتیوە، ئاگات لە دەمت بێ.

**وینستۆن:** کێ گووتی ئەمە دوا دەرفەتی منە بۆ قسە کردن؟

**جان:** بەڵام نە بۆ گاڵتە جاڕ.

**وینستۆن:** دەرفەتێ گاڵتەم نییە. حوکمی ژیان و مردنی من پێوەندی بە چۆن لێوکردنەوەی تۆوە هەیە.

**جان:** کو واتە قسە بکە.

**وینستۆن:** کاتێ پولی نیسیس لە شەڕدا کوژرا، ئەوەی لێی بە جێ ما، بەژنی بێ گیانی بوو. ئەو ئیتر نە ئازار و نە یارمەتی دانی کەس لە دەس نەدەهات. ئەوەی لەو گۆڕە پانە کەوتبوو و هەتا رزان تەمایەری هۆدۆشە بوو، هی خوا بوو، بەژنی هەرکەسێ هی خوایە. تۆ کرێئۆن تەنیا گیانلەبەرێکی دوو پێی. هەگە چەن یاسایەک لە لایەن مرۆڤەوە دابین دەکرێ، هەن یاساگەلێکیش کە لە لایەن خواوە دابین کراون. ئەو کاتەی کە گیانی من یاخی بێ، خوا ئاگادارە تەنانەت هەگە سیخوڕەکانی تۆ شەو و رۆژ لە گەڕدا بن هەتاکوو بزانن کێ فرمانی تۆی لە ژێر پێ ناوە. ئە کاتەی کە بەرانبەر بە خوا تاوانباربم، ئیتر نامەوێ بە خاتری هیچ مرۆڤێ بژیم. ئەوسا بە بێ یاسای تۆ و هەڕەشە و گوڕەشەی تۆ، ئەزانم کە ئەبێ بمرم. یاسای تۆ و لە ژێر پێ دانانی ئەو یاسایە لە لایەن منەوە، ئەمە چارەنووسێ بوو چاوەڕوانی منی دەکرد و چ باشتر، هەڕەشەی تۆ لای من هیچ ناهێنێ، بێ بایەخە، بەڵام هەگە بمهێشتایێ کوڕی دایکم،

منداڵی وڵاتەکەم، لەسەر خاک بمێنێ هەتا دەبێتە خۆراکی هۆدۆشەی لاشخۆر ، هیچ کاتێ گیانم سرەوتنی بە خۆیەوە نەدەدی. لە مەبەستم خۆ تێدەگەی کرێئۆن.
**جان:** وتەکانت تەنیا یاخی بوونت دەسەلمێنێ. یاخی بوونی کەسێ کە جگە لە وێرانی و بەڵا هیچ بۆ هاووڵاتیەکانی رەوا نابینێ. هەوڵ یاسا لە ژێر پێ دەنێی و پاشان جنێو بە حکومەت دەدەی.
**وینستۆن:** هەر بۆ ئەوەی کە بیری تۆم خستەوە کە گیانلەبەرێکی دووپای؟؟
**جان:** جیا لە جنێو دان بە حکومەت ، شانازیش بە کردەوەت دەکەی. نا. ئانتیگۆن! تەنانەت هەگە جگەرگۆشەی خۆیشم بووایەتی، خراپترین سزا دەدرای.
**وینستۆن:** خراپترین سزا ؟ جگە لە کوشتنی من چت لە دەس دێ؟
**جان:** من ئەمەم ئەوێ.
**وینستۆن:** کە واتە کۆتایی پێ بهینە و کات بە فیڕۆ مەدە. من براکەم بە خاک سپارد و شانازی پیوە دەکەم، کرێئۆن! هەگە ترسی تۆ و یاسای تۆ نەبووایەت ، گشت ئەم خەڵکە لایەنی منیان دەگرت.
**جان:** وانییە! هیچ کەسێ لە خەڵک وەک تۆ بیر ناکەنەوە.
**وینستۆن:** گشت وا بیر دەکەنەوە، بەڵام کەس ناوێرێ بیدرکێنێ، تۆ ئاسوودە نانووی کرێئۆن.
**جان:** تۆ بێ شەرمییش بە تاوانەکانی خۆ زیاد دەکەی، ئانتیگۆن!
**وینستۆن:** هیج شەرتێ لە کارە پڕ لە شانازییەکەی خۆ نابینم.
**جان:** ئەوەیتر کە مرد برای تۆ نەبوو؟
**وینستۆن:** با، برای من بوو.
**جان:** تۆ بە شانازی کردن بە یەکێکیان ، ئەویتریانت سووک کرد.
**وینستۆن:** من خۆشەویستی خۆمم لە ناویانا بەش کردووە نە رق و قینم.
**جان:** کە واتە ئێستا بڕۆ و خۆشەویستیەکانت لە ناو مردووەکانا بەش بکە. هەتا مابێتم یاسایەک بۆ مشکەکان دانانێم.
**وینستۆن:** کەمی لێ بڵێ کرێئۆن! ئێمە خەریکین کات بە فیڕۆ ئەدەین. وتەکانی تۆ ئامانجەکەت ناسەلمێنن، هەر ماوەی ژینی من درێژتر دەکەن.
**جان: ( دیسان روو لە بینەران دەکات)** گشت راستەقینەکانتان سەبارەت بە رووداوەکە بیست. پیویست بە هاتنی لایەنگران و بەڕێوەبەرانی حکومەت کە بە بێ سێ و دوو ئانتیگۆن با تاوانبار دادەنێن، ناکات. حکومەتیش خۆی پڕ بە دڵ پێخۆشە ئەوانە نەناسراوقە بمێننەوە، یاسایەک دابین کرا وپاشان پێشێل کرا. سزا روونە و هیچ کارێکیش لە دەست من نایەت **( لاسایی کرێئۆن)** بێ رامان ئەو ببن بۆ جزیرە. تەواوی ماوەی تەمەنی لە ژوورێکدا رایگرن و ئەوەندە پێخۆری پێ بدەن کە خوێنی ئەستۆمان نەگرێ.
**وینستۆن: ( روو لە بینەران)** خوشکان و برایانی هاووڵاتی! وا دوا کۆچی خۆ دەکەم! بە زۆر ئەبێ رووناکایی رۆژ بۆ هەمیسە جێبهێڵم و بەرەو جزیرەیەکی نەناسراو مل بنێم هەتا لە ناوەند مان و نەمانا ون ببم. لە زیندان ، کە هەر ئەو گۆرە هەتا هەتاییەی منە، هەتا کاتی مردن بە زۆر دەژیم**( قژە دەسکردەکە لا دەبات و دەبێتەوە بە وینستۆن)** خواکان ، باوکانمان، وڵاتەکەم، نیستمانەکەم، دەمان تەمایەر نابێ! وا بەرەو مردنی بەرە بەرە دەڕۆم ، بەو تاوانەی کە شانازیم بەو چتانەوە دەکرد کە شیاوی شانازی بوون!
**( هەر دووکیان چتەکان لە خۆیان دەکەنەوە، بە تانیەکان دادەگرن و ژوور وەک هەوەڵی خۆی لێدەکەنەوە، ئەوسا شان بە شان رادەوەستن و وەک هەوەڵی شانۆ دەنوێنن، دەست و لاقیان بەیەکەوە کەلەپچە کراوە. دەست بە هەڵاتن دەکەن. جان دۆعا دەکات و ویسنتۆن ریتمی پێیان – کە وەک سێ پێی لێ هاتووە- لە ژێر لچەوە بە ئاهەنگ لێدەدات، دەنگی زەنگی دەسپێکی بێگار! رووناکی هەتا تاریکایی تەواو ، بەرە بەرە کز دەبێت)**
**کۆتایی. پاییزی 1385 سەقز**

Filename: ئاد AD.doc
Directory: F:\Documents and Settings\xalid\My Documents
Template: F:\Documents and Settings\xalid\Application Data\Microsoft\Templates\Normal.dotm
Title: ئاد AD
Subject:
Author: MRT
Keywords:
Comments:
Creation Date: 9/14/2009 7:17:00 AM
Change Number: 48
Last Saved On: 1/2/2006 5:41:00 AM
Last Saved By: dilax
Total Editing Time: 823 Minutes
Last Printed On: 1/2/2006 5:41:00 AM
As of Last Complete Printing
Number of Pages: 20
Number of Words: 8,336 (approx.)
Number of Characters: 47,520 (approx.)